# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠)    ٢٧٢٤ی کـوردی    ٢٠٢٤ی زایینـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠)　　٢٧٢٤ی کـوردی　　٢٠٢٤ی زاییـنـی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

http;//gov.krd/ka　　ISSN: 2520-4106　　**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# سیماکانی پۆستمۆدێرنیزمی شیعری کوردی لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١

م. یاریدەدەر بهزاد فتاح خورشید
پەروەردە.ق. دکتۆرا زانکۆی کۆیە
bahzadfatah425@gmail.com

پ.د. عوسمان حمد خضر دەشتی
زانکۆی کۆیە
Osman.hamad@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیــە لــە ژێــر ناونیشــانی "ســیماکانی پۆســتمۆدێرنیزمی شــیعری کوردی"یــە، ئاشــکرایە لــەدوای ڕاپەرینــی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١ ژیانــی گەلــی کــورد پێــی نایــە قۆناغێکــی سەربەســتیی ژیــان، ئەویــش بەهــۆی خۆبەڕێوەبــردن بــۆ کوردســتان و ئازادبوونــی گەلــی کــورد لــە چنــگ ڕژێمــی بەعســی پێشــوو، کــە سیاســەتێکی تۆقێنــەر و دژواری لــە هەمــوو ڕووێکــی ژیانــەوە بەرامبــەر بــەم گەلــە ســتەملێکراوە بــەکار دەهێنــا؛ نووســەران و ڕۆشــنبیرانیش بێبــەش نەبــوون لــەو سانســۆرە ناهەمــوارەی کــە گەلــی کــورد تێــی کەوتبــوو، بەڵکــو لــە ترســی گیــران و لــە ســێدارەدان نەوێــراون بــە ویســت و ئــارەزووی خۆیــان بــاس لــە دنیــای ئەدەبــی کــوردی بکــەن، هــەردەم لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــوون دەقێــك بنووســن نەکەونــە بــەر شــاڵاوی ڕەشــبگیرییەوە، هەرچەنــدە لەگــەڵ ویســت و ئــارەزووی خۆشــیاندا نەدەگونجــا.

بــەڵام لــە دوای ڕاپەریــن کەشــوهەوایەکی ئــازاد ڕەخســا؛ دوای ئازادبوونــی کوردســتان، شــاعیران هەنــگاوی بــاش و گرنگیــان هاوێشــت، بــۆ داڕشــتنەوەی ســەرلەبەری شــیعرەکانیان لــە ڕووی فــۆرم و ناوەڕۆکــەوە شــیعری کــوردی پێــی نایــە ئەزموونێکــی تــازەی نووســین، جیــاواز لــەوەی پێشــوو کــە لەبــارەی شــیعرەوە هەبــوو، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ هــەوڵ و ماندووبوونــی چەنــد شــاعیرێکی ناوخــۆ وەکــو "عەبــاس عەبدوڵــڵا یوســف، ئەنــوەر مەســیفی، کەریــم دەشــتی، زانــا خلیــل، کــەژاڵ ئەحمــەد، عــارف حیتــۆ، موحســین قۆچــان" ، هەروەهــا چەنــد شــاعیرێکی تاراوگــە، کــە لــە دەرەوەی وڵاتــدا دەژیــان لەوانــە "فەرهــاد پیربــاڵ، ئەحمــەدی مــەلا، مەهابــاد قەرەداغــی، نەزەنــد بەگیخــان"، ئەمانــە بەپێــی ئــەو ئەزموونــەی لەبــارەی ئەدەبیاتــی ناوەخــۆ و ئەدەبیاتــی ڕۆژئــاوا هەیانبــوو، توانیــان بەرگێکــی نــوێ بکەنــە بــەر ئەدەبــی کوردیــمان، بەتایبەتــی شــیعر، هەروەهــا ئــەو کاریگەرییــەی کــە قوتابخانــە نوێیەکانــی ڕۆژئــاوا وەکــو "پەرناســیزم، دادایــزم، ســوریالیزم..." لەســەر ئەدەبیاتــی

جیهانــی هەیانبــوو، توانیــان ســوودی لــێ وەرگــرن لەســەر شــیعری کــوردی جێبەجێــی بکــەن، نــەك لاســایکردنەوەیەکی کوێرانــە، بەڵکــو توانیــان گۆڕانکارییەکــی داهێنەرانــە، بــەو کەرەســتە ئەدەبییانــەی کــە لەنــاو ژیانــی کۆمەڵگــەی کوردیــدا هەبــوو لــەم ڕۆژگارە لەبــەر دەســتیاندا بــوو، بــە ئەنجــام بگەیەنــن، هانــی شــاعیرانی ناوەخــۆش بــدەن گۆڕانــکاری لــە شــێوازی نووســینیان بکــەن، ڕوو بکەنــە جــۆرە ئەدەبێــك بەتایبــەت لــە شــیعر، لەگــەڵ خواســت و ویســتی ڕۆژگار و ئەدەبیاتــی میللەتانــی جیهانــی نوێــدا بگونجێــت، بــێ گوێدانــە هیــچ جــۆرە سانســۆرێکی ڕەخنــەی کۆمەڵایەتــی، کــە خــۆی پابەنــد بــکات بــە دابونەریتــی میللەتــی کــوردەوە.

**کلیلەوشە: پۆستمۆدێرنیتە، ڕاپەرین، شیعری کوردی، ئازادیی بیروڕا، سیما.**

**پێشەکی**

بــە دوای ڕاپەرینــی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١ جــۆرە کەشــوهەوایەکی ئازادانــە بــۆ نووســەرانی کــورد هاتــە ئــاراوە، کــە زەمینەســازییەکی باشــی کــرد بــۆ شــاعیرانمان، بــۆ ئــەوەی ســوود لــەو قۆناغــە ســەربەخۆییەی کــە لــە کوردســتانی باشــوور هاتۆتــە ئــاراوە وەربگــرن، بەڵکــو شــاعیرانیش چ لــەدەرەوە و لەناوەخــۆ، ســڵیان لــەوە نەکــردەوە و ئەســپی خۆیــان تــاو دا، کۆمەڵێــك شــاعیرانی تــازە دەرکەوتــن، کــە ماوەیەکــی زۆر بــوو تینــووی ئازادیــی ڕادەربڕیــن و ڕەخســانی هەلێکــی وایــان دەکــرد لــە ژیــان، بــۆ ئــەوەی بتوانــن مەرامەکانــی خۆیــان لــە ڕێگــەی تێکســتە شــیعرەکانیان دەربــڕن. هەروەهــا لــە لایەکــی تــر ســەرهەڵدانی چەندیــن بــزاڤ و گروپــی ئەدەبــی وەکــو وێــران، بزاڤــی تەغریبــی، زنــاك، تەلیعییــەکان و هەوڵــی تاکــە کەســیی مانفێســتەکانی ســەباح ڕەنجــدەر و مانفێســتەکانی فۆرمــی گرانــی ئەنــوەر مەســیفی لــە شــاری هەولێــر، گروپەکانــی هەروهــەر، نوێخوازیــی ئاکــرێ لــە بادینــان، ئەمانــە بوونــە ســەرچاوەیەکی گرنــگ بــۆ بڵاوکردنــەوەی بەرهەمــی شــیعری شــاعیرانمان لــە گۆڤارەکانــی ئــەم گروپانــە، کــە خۆیــان بــە خاوەنیــان دەزانــی و بوونــە هەوێنێکــی چــاك بــۆ دروســتبوون و هاتنــە ئــارای شــیعری پۆســتمۆدێرنیزمی کــوردی، کــە بــووە خاوەنــی جــۆرە فۆرمێکــی تــازەی شــیعری کــوردی وەکــو فۆرمــی بەتــاڵ، فۆرمــی وەســتاو، فۆرمــی وێنــە، فــۆری دەنگــی...، کــە پێشــتر بــەم شــێوەیە بوونیــان نەبــووە. لــە ڕووی ناوەڕۆکــە هەوڵــی ئەوەیــان دەدا بــاس لــە ژیانــی مرۆڤــی کــورد و کێشــە و گرفتەکانــی ئــەو ڕۆژگارە بکــەن، کــە ئێســتا لــە واقیعــی ژیانــدا بوونیــان هەیــە، شــاعیران خۆیــان وا پیشــانی کۆمەڵگــە دەدا، کــە یاخینــە و دەبــێ ڕێگەچارەیــەك بــۆ گرفتەکانــی تاکــی کــورد بدۆزرێتــەوە و چارەســەر بکرێــت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**

کاتێــك شــیعری پۆســتمۆدێرنیتەی کــوردی ســەریهەڵدا، بــاری سیاســی و ئابــوری ڕۆشــنبیریی میللەتــی کــورد پێــی نابــووە قۆناغێکــی تــازەی ژیانــەوە، قۆناغێکــی جیــاواز لــەوەی پێشــووتر، کــە توانــرا بــە ئــازادی بــژی و بــە ئــازادی بۆچوونــی خــۆی دەرببڕێــت. ئــەم لێکۆڵینەوەیــش هەوڵدانێکــە بــۆ خســتنەڕووی ئەرکــی شــیعری لــە مــاوەی دوای ڕاپەرینــی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١ و ئازادبوونــی کوردســتان؛ دەستنیشــانکردنی "ســیماکانی پۆســت مۆدێرنیزمــی شــیعری کــوردی" باســکردنی یەکــە بــە یەکــەی سیماکان بــە شــێوەی تیــۆری و پراکتیکی بــە نموونــەی چەنــد بەرهەمێکــی شــیعری شــاعیران، کــە بووبوونــە جێگــەی بایەخــی گۆڤــار و ڕۆژنامەکانــی ئەوســا.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە**

ئــەم لێکۆڵینەوەیــە دەچێتە خانــەی ئەدەبــی پۆســتمۆدێرنیزمی کوردییــەوە، ئەگــەر ئەدەبــی نــوێ بــە قوتابخانــەی گــۆران و هاوەڵانــی لــە دوای یەکەمیــن جەنگــی جیهانییــەوە دەســت پــێ بــکات، هەروەهــا ئەدەبــی هاوچەرخــی کوردیــمان لــە باشــووری کوردســتان لــە دوای ســاڵانی حەفتــاوە دەســت

پێ بکات، لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئەدەبییەکانی کفری، ڕوانگە، پێشڕەوییەکانی هەولێر، ئەوا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردیمان لە دوای ئازادبوونی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە دەست پێ دەکات بە سەرهەڵدانی چەندین گروپ و بزاڤی ئەدەبی لە شاری هەولێر و دەڤەری بادینان وەکو گروپی وێران، بزاڤی تەغریبی، گروپی زناك، بەشێکی تەلیعییەکان، گروپی هەروهەر، گروپی نوێخوازیی ئاکرێ.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوە**

کارکردن لە ڕووی ئەدەبییەوە لەگەڵ جۆرە ئەدەبێکی تازە و ناساندنی بە ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم کارێکی هەروا ئاسان نابێت، گومان لەوەدا نییە لەم لێکۆڵینەوەیە چەندین جار هزری جیاوازت دێتە پێش، ئاخۆ بەرهەمی شاعیرانی ئەم گروپانە خۆیان لە قەرەی شیعری پۆستمۆدێرنیزمی جیهانی دەدەن؟ ئەمەش هەوڵ و کۆشی خۆی ویستووە لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکان و گونجاندنیان لەگەڵ بیر و هزری شیعری پۆستمۆدێرنیزم بۆ سەلماندنی بابەتەکە چەندین بەرهەمی شاعیرانمان خستۆتە ڕوو بە شێوەی پراکتیکی لەگەڵ بنەماکانی شیعری پۆستمۆدێرنیزم چەسپاندوومانە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە**

سروشتی لێکۆڵینەوەکە وەسفیی شیکارییە، لە ڕوویەکەوە هەوڵمان داوە مێژووی سەرهەڵدانی شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردی لە دوای ئازادبوونی باشووری کوردستان بخەینە ڕوو، هەروەها کاریگەریی کەشوهەوای سەربەخۆیی کە لەسەر بەرهەمەکانی شاعیران هەبووە نیشان بدەین، لەلایەکی تر، سیماکانی شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردی لە شیعری شاعیرانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ شرۆڤە کراوە.

**تەوەرەی یەکەم: شیعری پۆستمۆدێرنیتەی کوردی**

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین شیعری پۆستمۆدێرنیتەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەویش بەهۆی ئەو کەشە لەبارەی کە دوای ئازادبوونی کوردستان بۆ نووسەر و ڕۆشنبیران هاتە ئاراوە. شیعری کوردی لە دوای ڕاپەڕین دەرگایەکی ئازادیی هزری و فکری بۆ واڵابوو، شاعیران هەوڵیان دەدا زیاتر لە بەرهەمەکانیان باس لە ژیانی ئەوسای گەلی کورد بکەن، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە ئازادییەی هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش هەلێك بوو بۆ وەدەستختنی جۆرە تەکنیکی نوێ لە ڕووی فۆرم وستایلی تازەی شیعری هێنانەدی ئامانجی چەندین ساڵەیان بۆ ئەوەی بەرگێکی تازە بکەنە بەر بەرهەمە شیعرەکانیان، هەوڵیان دا جۆرە ئەزموونێکی تری شیعری تاقی بکەنەوە، ڕوویێکی جیاوازتر نیشان بدەن لەوەی پێشووتر کە لەبارەی شیعری کوردی هەبووە، وەکو قوتابخانەی گۆران و هاوڕێیەکانی لەگەڵ قوتابخانەی هاوچەرخی کوردی کە ئەمانیش گروپەکانی کۆن، ڕوانگە، تەلیعییەکان دەگرێتەوە.

شاعیرانی نەوەی پێش ڕاپەڕین زیاتر بەرهەمەکانیان باس لە کێشەی سیاسی و نەتەوە و خاك بوو، چونکە تاکی کوردستان کێشەی لە کوردبوونیدا هەبوو، کێشەی ئازادیی ژیان و ئازادیی دەربڕینی هەبوو، بۆیە ئەدەب بووبووە پاشکۆی هەموو بیرە سیاسی و نەتەوەییەکان، گومانی تێدا نییە شاعیران بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت جا بە شێوەی ڕەمز بێت، یان ڕاستەوخۆ بەرگرییان لە خاك و نیشتمان کردووە، پێش هەموو شتێك پیرۆزییان بەخاك و نیشتمان داوە و بە ئەرکێکی سەرشانی خۆیان زانیوە، هەرچەندە سانسۆرێکی زۆریشیان لەلایەن ڕژێمەوە لەسەر بووە، بەڵام نەبۆتە وەستانی یەکجارەکی و لێرە و لەوێ دەربڕین هەر هەبووە، شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردی کە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە سەریهەڵدا، یەکێ لە خاسیەتە گرنگەکانی بریتییە لە نەبوونی زاڵبوونی یەك ستایل، بەڵکو پەلی هاویشت بۆ نووسینی چەندین ڕەهەندی جۆری شیعری وەکو ڕەهەندی دەروونی، لادانی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، نامۆیی، گیانی یاخیبوون.... ئەمانە و چەندانی تر، هەروەها تایبەتمەندییەکانی شیعری پۆستمۆدێرنیتەی کوردی بریتی بوون لە: تێکەڵکردنی وێنە لەگەڵ گیرانەوە، لادانی زمانی، ڕەنگدانەوەی فەلسەفە، پارچەپارچەبوونی تێکستە شیعرییەکان، وەسوەسەی جیهانی شاراوەی شیعری، نەبوونی یەکجۆری ئامانج، کرانەوەی دەق ”ئارمانجا پۆست مۆدێرنیزمان ل سەر بەردەوام پرسیارکرنێ،

ڕێخۆشکرنە ژ بۆ فرەواتاییێ، بۆ ڕێژەیبوونا بەرسڤان، بۆ بەربلاڤبوونا واتایێ" (زیاب،٢٠١٣،ل٢٤١)، واتە دەق والا بوو لەڕووی ماناوە بەڕووی خوێنەران ئەمەش بووە سەر لێشێواوی خوێنەران بۆ دۆزینەوەی مانای شیعری. ئەمانە هەمووی بوونە هەوێنی چێژی گێڕانەوەی دەقی شیعری، کە خوێنەرانیان سەرسام کرد لەم ڕۆژگارە، چونکە خۆقوتارکردن بوو لە جوینەوەی ئەوەی کە پێشووتر باسی لێوە دەکرا.

لە پۆستمۆدێرنیزمی شیعری کوردی کۆمەڵێک سیمای شیعری بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی شێوازی فۆرمی تازە کە پێشتر نەبوون، وەکو فۆرمەکانی بەتاڵ، فۆرمی وەستاو، فۆرمی وێنە، فۆری دەنگی....، زیاتر ئاشنابوونی ئەم جۆرە فۆرمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی شاعیرانی تاراوگەمان نووسەر و شاعیرانی وەکو فەرهاد پیرباڵ، ئەحمەدی مەلا، مەهاباد قەرەداغی، نەزەند بەگیخان... کەتوانیبوویان سوود لەو شەپۆلە شیعرە نوێیانە وەربگرن کە لە سەردەمی ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەکو سوریالیزم، پەرناسیزم و دادایزمدا سەریان هەڵدا، ئاشنابوونی شاعیرانمان بە جیهانی دەرەوە و پەیدابوونی هاتوچۆ و سەردانیکردن، ئەمانە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت بۆ ئاشنابوون و شارەزابوون لە ئەدەبیانی گەلانی ڕۆژئاوا، ئەمانە بە سەرە ڕەمی گۆڕانکارییە ئەدەبییەکان دادەنرێن لە دنیای ئەدەب و بەتایبەت جیهانی شیعر. هەروەها دەتوانین لێرەدا باس لە هەندێ هۆکار بکەین کە بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزمی شیعری کوردی لەوانە:

١. ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی سەربەخۆ بۆ شاعیرانمان، ئەمەش بووە پالپشتێکی باش بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و ڕزگار بوون لەو چاودێرییە چڕەی کە ڕژێمی بەعس لە سەر نووسەر و شاعیران داینابوو.

٢. پەیدابوونی نەوەیەکی نوێی شیعری دوای ڕاپەڕین، داوای شکاندنی کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری لە شێواز و ستایلی شیعرییان دەکرد. هەوڵیان دەدا شیعر ڕزگار بکەن لە جوینەوە و دووبارەبوونەوەی ئەوەی پێشووتر.

٣. گەڕانەوەی کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و نووسەر لە ساڵانی ١٩٩٢ــ ١٩٩٣ لە تاراوگەوە بۆ کوردستان، کە ئەمانە کەوتبوونە بەر کاریگەریی تەکنیک و فۆرمی نوێی شیعری ئەورووپی بەتایبەتی ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەکو دادایزم و سوریالیزم (مەنتك،٢٠١١، ل٥٥) بێ شك ئەم ئەزموونە کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانیان هەبوو.

٤. پەیدابوونی کۆمەڵێك گروپی نوێگەری (پۆستمۆدێرنیزم) لەناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان وەکو بزاڤی تەغریبی، گروپی وێران، بەشێکی تەلیعییەکان، زناکییەکان لە شاری هەولێر، هەروەها گروپی هەروهەر، نوێخوازیی ئاکرێ لە بادینان، نووسەران و شاعیرانی ئەم گروپانە بوونە سەرچاوەیەکی بەهێزی گۆڕانکارییە شیعرەکان، دەستکاریی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری کوردییان کردووە و بەرگێکی تازەیان کردە بەر شیعری کوردی، کە بە شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردی بناسرێت.

٥. پەیدابوونی کۆمەڵێك گۆڤارو ڕۆژنامە، کە هەندێکیان سەربەخۆ کاریان دەکرد، یاخود زمانحاڵی چەند حیزب و ڕێکخراو بوون (سەعید، ٢٠١٤، ل٧) بوونە ئامرازێکی گرنگی دەربڕین و ڕێخۆشکەرێکی بەهێز بۆ بڵاوکردنەوەی دەقە شیعرەکانی شاعیرانمان لەو سەردەمەدا، نووسەران و شاعیران ئەم هەڵەیان گواستەوە و توانیان لەو ماوەیەدا ئەسپی خۆیان تاو دەن و ئامانج و مەبەستەکانی خۆیان تێدا بپێکن. چونکە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لاپەڕەی تایبەت بە ئەدەب و هونەریان هەبوو. یاخود پاشکۆی ئەدەبیی سەربەخۆ دەردەچوو، بەڵام سەر بە گۆڤارێك دەبوو، کە چەندین شیعرو چیرۆك و دەقی ئەدەبی تیایدا بڵاو دەکرایەوە.

٦. دامەزراندنی چەندین دەزگای پەخش و بڵاوکراوە لە شارەکانی کوردستاندا وەکو دەزگای ئاراس، سەردەم، موکریان، گەلاوێژ... ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی گۆڤار، نامیلکە، کتێب، کتێبی بیانی و وەرگێڕان..... کە خزمەتێکی باشی بە بواری ئەدەبی کوردیمان کرد. ئەمانە کە باسمان کرد، لێرە دەتوانین بە زەمینەسازێك دابنێین بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئەدەبی کوردی لە هەموو بوارەکانی شیعر، چیرۆك، پەخشان، شانۆ، هونەر..... هەروەها بەتایبەتی بۆ شیعری کوردی، چونکە ئەگەر سەیری لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان بکەین

دەبینین شیعر بە سەرچاوەی یەکەمی گۆڕانکارییەکان دادەنرێت، شاعیران بە شێواز و هونەرێکی تازە هاتنە مەیدانی ئەدەب و هونەر توانیان لە کاروانی ئەزموونی ئەدەبی خۆیان هەنگاوی بوێرانە بهاوێژن بێ گوێدانە هیچ جۆرە سانسۆرێکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، دەتوانین بڵێین کارەکانی خۆیان بەجێ گەیاند و چەندین بەربەستیان شکاند کە پێشتر نەدەکرا، هەروەها ئەدەبی کوردییان بەرەو ئاقارێکی نوێ ئاراستە کرد کە جیاواز بێت لە قۆناغەکانی پێش ڕاپەڕین. ئەو نوێگەرییەی کە شاعیرانی پۆستمۆدێرنیتەی کوردی لە دوای ڕاپەڕین دەستیان پێ کرد هەندێکیان قۆناغێکی باشیان بڕی (دەشتی، ١٩٩٩، ل٢) کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو بۆ سەر نەوەکانی دوای خۆیان و تەنانەت دوای ئەمەش شیعری کوردی بەرەو کرانەوە و ئاقارێکی نوێ و بەرزتر هەنگاوی هاوێشت، تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت لە بوارە جیا جیاکانی ئەدەبی کوردیمان، بەتایبەتی لە شیعردا بەردەوامە و کاروانی خۆی نەوەستاندووە.

## تەوەرەی دووەم: سیماکانی شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردی

**یەکەم: مینیمالیزم**

شیعری مینیمالیزمی کوردی، کە لە دوای ڕاپەڕین شوێن پەنجەی بە دیارکەوت، کاتێ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە لایەن شاعیران بڵاو دەکرایەوە، بووە جێگەی بایەخ و گرنگیان بەو جۆرە تێکستە شیعرانە دەدا، چونکە ئەو شاعیرانە پێیان وابوو "شیعری نوێ ناتوانێت خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت ئەگەر خاوەنی دەربڕینی کورت و وێنەی خێرا نەبێت، چونکە دونیای نوێ دونیای زووگەیاندنی پەیام و چڕکردنەوەی بیرۆکەکانە نەك درێژکردنەوە و دووبارەکردنەوەی وێنەکان" (سدیق، ٢٠١٧، ل٩٤)، ئەمەش زیاتر سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ حەزیان لە خوێندنەوەی تێکستی شیعری کورت و پوختە نەوەکو شیعرێکی دوور و درێژی دووبارەبووەوەی وشەکان و سواو و کات بکوژێت، بۆیە "لەشعری مینیماڵیدا چڕکردنەوەی زمان و کورتکردنەوەی وێنە و تۆکمەکردنی دەربڕینەکان لە ئاستێکدایە کە زۆر جار شاعیری ئەزموونداریش ناتوانێت بەتەواوی کۆی ئەم خاڵانە ڕەچاوبکات" (سدیق، ٢٠٢١، ل١١٢) ئەمەش یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی پۆست مۆدێرنیزمی شیعری کوردی، کە لەدوای ڕاپەڕین بوونی هەیە، شاعیرانمان لە نووسینی شیعرەکانیان زیاتر گرنگیان بەجۆرە تێکستێك داوە واڵاو کراوە بێت بەرامبەر بەخوێنەران، واتە دەقێکی واڵا چەندین بۆچوونی جیاواز لە خۆ دەگرێت و بە ئاسانی خۆی نادات بەدەست خوێنەران و لەکاتی هەڵسەنگاندندا فرەمانایە.

ئەتوانین
پێی وتم: شەهرەزاد گەمەی حیکایەتڕاگرە، ناتوانم
نەتکوژم!

(ئەحمەد، ١٩٩٤، ل٣٧)

کەژاڵ ئەحمەد لەمە شیعرە نائومێدە بەرامبە دۆخ و ژیانی ژنانی کوردستان، هەروەها ڕەشبینە بەرامبەر ئەو عەقڵیەتەی کە لە دوای ساڵانی نەوەدەکان هەیە، هەمان عەقڵیەتی جارانە و نەگۆڕاوە، ژنان ناتوانن بە سەربەستی و ئازادیی خۆیان بژین، ئەگەر هەر سەرەڕۆییەك بکەن، کە بەدڵی پیاوانی کۆمەڵگە خێزانەکەیان نەبێت لەوانەیە بەفوویەك چرای ژیانیان بکوژێتەوە.

فەرهاد دەڵێت:

کەواتە: من دەبێ بنووسم (پیربال، ١٩٩٩،ل٣٢)

لێرەدا فەرهاد پیربال خۆی جیاواز دەکاتەوە لە هەندێك لە شاعیران، کە نایانەوێت لەبارەی هەموو شتێك بنووسن، کەچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەچاوی خۆیان هەندێ شتی ناڕەوا دەبینین بەڵام لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، خۆیانی لێ گێل دەکەن، بەڵام ئەو خۆی دێنێتە پێشەوە و ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنێت، کە ئێوە بۆ بەرژەوەندیی خۆتان ناتوانن بنووسن، ئەوا من دەیخەمە ڕوو بۆ خوێنەرانم وبێ هیچ دوودڵێك کارە ناڕەوایەکان دەخەمە ڕوو.

دەنووسین
تا قەڵەم هەست بە تەنیایی نەکات

(قەرەداغی، ١٩٩٦، ل٧٧)

مەهاباد قەرداغی ڕەخنە لە هەندێك نووسەر دەگرێت و دەڵێت تەنها هەندێکیان بۆ ئەوە دەنووسن، تاوەکو وەکو نووسەر بمێننەوە و ناویان ڕەش نەبێتەوە، ئەگینا هیچ سوودێك بەخوێنەران ناگەیەنن، هەرچەندە مەودای نووسین لە شعیری مینیمالیدا کورتە، بەڵام دەقەکان بە ڕووی خوێنەران کراوەن و دەتوانن مەبەست و ئامانجی خۆیان بپێکن، لێرەدا خوێنەرانیش یاخود ڕۆشنبیرانی بواری ئەدەبییش ئاشنایی هەندێك زانیاری دەبن و دەزانن بیری شاعیر چی تێدا گوزەر دەکات.

چەمانەوەی قامکەکانم لە زەمەنێکی

ڕووی برسی دەچێ

(ناڵەیی، ٢٠٠٣، ل٤٣)

لەم شیعرەدا بۆتان ناڵەیی ڕەخنە لە ژیانی ئەوسا دەگرێت، کەماوەیەك بەهۆی جەنگ و ماڵوێرانی و ململانێی سیاسی هەمووی بوونە نەهامەتی بۆ ژیانی خەڵك و مرۆڤی کوردییش لە دەرهاوێشتەکانی گورزێکی کوشندەی پێ کەوت، هەم ڕەنگی دایەوە لەسەر جەستەی، لەلایەکی تریش بووە هۆی قاتوقڕی و نەبوونی و داتەپینی باری ئابوری وڵات بەشێوەیەکی گشتی.

بێدەنگی هاتە گۆ، گوێ بگرن!

(س.پ، ل٢٧)

شاعیر لە مەودوا ئەو بێدەنگییە دەشکێنێ، ئەوەی هەیە هەمووی دەخاتە ڕوو بەس ئێوە گوێ لێ ڕابگرن بزانن چ گۆڤەندێکیان پێ دەکات.

پرسیار

ئایا خوێنە ڕژاوەکان جیاوازن

(عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ل٧٤)

ئەمەش دووبارە ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو ڕۆژگارە دەگرێت، چونکە شاعیر پێیان دەڵێت دەبێ ئەوە بزانن ئەم خوێنە ڕژاوانە هی ڕۆڵەی کوردە هیچ جیاوازییەك نییە لە هەر لایەك شەهید بێت، ئەوە زەرەر بە گەلی کورد دەگات و خوێنی مرۆڤی کورد دەڕژێت، لێرەدا پەیامی شاعیر ئەوەیە واز بێنن و دەست لە خوێنی یەکتر هەڵگرن و با چیتر خوێنی مرۆڤ بێتاوانی کورد بە ناحەق نەڕژێت.

**دووەم: دەقئاوێزان.**

دەقی (تناصی) بەکوردییەکەی (دەقئاوێزان)ە جۆرێك لە تێکەڵکردنی "دەقە بەو پێوەرەی دەق ڕەنگ و ڕیشەکەی تێکەڵە بە دەقی تر و هیچ دەقێکیش لە هیچەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لە پەیوەندییەکی بێدابڕانە لەگەڵ دەقی پێش خۆیدا (میشێل فۆکۆ ١٩٢٦ــ١٩٨٤) پێی وایە هیچ دەربڕینێك نییە کە دەربڕینی تری لەخۆ نەگرتبێت، واتە هیچ گوتارێك نییە کە سیما و سێبەری دەقی تری تێدا نەبینرێت" (بەرزنجی، ٢٠٢٠، ل١٦٨)، واتە نووسەرانی ئەدەبییش جا چ شاعیر بێ یاخود ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس سوودیان لە بەرهەمەکانی پێش خۆیان بینیوە، ئەمەش گومانی تێدا نییە کاتێك هەندێك دەقی ئەدەبی دەکەوێتە بەرچاومان شك لەوەدا نییە کە لە ژێر سێبەری دەقێکی کۆنتر نووسراوە، بەڵام بە شێواز و ستایلێکی نوێ دارێژراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕۆژگار و بۆچوونی تازەدا بگونجێت، لێرەدا زیرەکی و لێزانی بۆ نووسەر دەگەڕێتەوە "دەبێت زمانی دەقەکە وا تێکەڵ بکات خوێنەر نەتوانێ هەر دوو ستایلەکە لەیەکتر جیا بکاتەوە، یەعنی نەتوانێ پەرەگرافێك یان ڕستەیەك یان وشەیەك لە دەقەکە بکاتە خاوەنی کەسێکی دیاریکراو، ئەمە هونەری دەقئاوێزانە لەفەزای دەقدا، سا با ئەو دەقە هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی بێت" (محەمەد، ٢٠٢٠، ل٢٤). ئەمەش واتە هەڵمژینی دەق و دەقە ڕەسەنەکە ناناسرێتەوە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەش دەقی سێیەم لە دایك دەبێت.

بەردی هاوێشتە ناو فەخفووریی پڕ خواردنی

ماڵە جوان و ڕووناکەکانمان

(ڕەنجدەر، ٢٠١٢، ل٣٤٣)

لێرەدا شاعیر سەباح ڕەنجدەر دەقی شیعری خۆی تێکەڵ بە پەندێکی پێشینانی کوردی کردووە، کە دەڵێت: لەکانییەك ئاوت خواردەوە بەردی تێ مەگرە، کەواتە شاعیر دەیەوێت بیر لەم پەندە جوانەی کوردیمان وەربگرێت، کەمانایەکی جوان و پڕ لە ڕەوشتی مرۆڤی کوردمان نیشان دەدات، چەندە بەئەمەك و وەفادار بوونە

بەرامبــەر بــەو کەســانەی کــە چاکەیەکیــان لەگــەڵ کــردوون، ئەمــەش زیاتــر بــۆ ڕازاندنــەوە و ئیســتاتێکای شــیعرەکەی بــەکاری هێنــاوە.

خوا قەزای تۆ بخات لە من!

بۆ کوڕم بۆ؟!

وەك باڵای تۆ نایەت بۆ من

خوایە بەڵات نەیەت بۆ تۆ

(ئەحمەد، ٢٠٠٦، ل٢٠٢)

ســەرەتا کــەژاڵ ئەحمــەد لــەم پارچــە شــیعرە بــە هەڵمژینــی قســـەیەکی ڕۆژانـــەی نێـــو خەڵکـــی دەســـت پـــێ دەکات، ئەمــەش بــۆ ڕازاندنــەوەی ســەرەتای دەقەکــە بــە دەربڕینێکــی ســادە و ســاکار لــە نێــوان دایــك و کوڕێــك، ئەمــەش هــەردەم دایــك ئامادەبــووە گیانــی خــۆی فیــدای کوڕەکــەی بــکات و دەرد و بــەڵای کوڕەکەشــی ئامادەیــە بخاتــە ئەســتۆی خــۆی، بــەڵام لێــرەدا کوڕەکــە بەوەفایــە بەرامبــەر دایکــی و ئامــادە نییــە ئێــش و ئــازار و بەڵایەکانــی بخاتــە ئەســتۆی دایکــی.

بەریدە با درۆزن درۆ بکات

بەس ماڵی نەسووتێ

بسووتێ

تەنیا پشلیەی لێ قوتار بکرێت

(یوسف، ٢٠٠٧، ل١٤٧)

ئــەوەش لــە ڕوانگەیەکــی تــرەوە عەبــاس عەبدڵــڵا لەســەر پەندێکــی فۆلکلــۆر کاری کــردووە، کــە دەڵێــت: درۆزن ماڵــی نەســووتێ، ئەگینــا کــەس بــڕوای پــێ نــاکات؛ شــاعیر گاڵتــە و ســووکایەتی بــە درۆزن دەکات، تاوەکــو خەڵــك بــە چــاوی خــۆی ماڵەکــەی نەبینــن نەســووتێ بەهانایــەوە ناچــن و بــاوەڕی پــێ ناکــەن، ئــەو کاتیــش تەنهــا پشــیلەکە ڕزگاری بــووە، ئەمــەش هیــچ شــتێکی ســوود بەخشــی مــادی نەمــاوە لــە ماڵەکــەی، تەنیــا خــۆی پشــیلەکە ڕزگاریــان بــووە، پشــیلەش هیــچ قازانجێکــی نییــە.

مرۆڤ لەنێو کێڵگەی پەمۆدا

داری دەستی داپلۆسێنەر بشکێنێت و نەترسێت

لە وەڕینی سەگیش تەنیا خۆی

بێتە بەر دەرگا و سەیری بەردەمی بکات

چارەنووس دەمارەکانی دەموچاوی گرژ نەکات

(ڕەنجدەر، ٢٠١٠، ل٩٥)

ئــەم پارچــە شــیعرەی ســەباح ڕەنجــدەر دەقئاوێزانــە لەگــەڵ ئــەو شــیعرەی ئیبراهیــم ئەحمــەد بانگەشــەی بــۆ دەکات و دەنووســێت:

لە زڕەی زنجیر دڵت نە لەرزێت

پێوەند بۆ لەشە نەوەك بۆ گیان

شــاعیر لێــرەدا جەخــت لــەوەی دەکاتــەوە دەبێــت مــرۆڤ لەســەر مافــە ڕەواکانــی خــۆی هەڵوێســت وەرگرێــت، چونکــە چارەنووســـی بـــە دەســـت خۆیەتـــی، نابـــێ بترســـێ ئەگینـــا قــەدەری ژیانــی بــەرەو نەهامەتــی دەڕوات، بۆیــە دەبــێ قــۆڵ و باســکی خــۆی لــێ هەڵبــکا و ئازایانــە و چــاو نەترســانە داوای مافــی گەلەکــەی بــکات، گومانــی تێــدا نییــە ئەگــەر ئیــرادە بەهێــز بێــت، ســەرکەوتنیش هــەر دێتــە دی، بەرهەمیشــی ئــازاد و بەختەوەریــی ژیانــە.

لەم جۆزەردانەدا

هاڵاو هاتووە

هاڵاوی خوێن

من شوێنێکم بۆ گریان دەوێ!

شەڵاڵێ خوێن

لێم دەرهەڵ دەبێت شەقلم

گریانی ناوێ مەگری!

تۆ منت لە دەماردایە مەگری!

تۆ خەڵتانی خەو و

من خەڵتانی خوێن

بەس ڕاپەڕە بەگیانم.... مەگری

شەقام لە دەماری من و

من لە دەماری شەقام

گوللە گوللە

دادەڕژێنن

هەتا سەربەستی.

(ڕۆحانی، ٢٠٠٩، ل٢١)

ئەمیــر ڕۆحانــی شــاعیر ئــەم شــیعرەی خــۆی تێکــەڵ بەشــعری نــدا ســوڵتانی کــردووە، کــە بــاس لــە شــەهیدانی جۆزەردانــی ســاڵی ١٣٨٨ دەکات، دیــارە لــەم مانگــەدا چەنــد کەســێك لــە لایــەن دەســەڵاتدارانی ئێــران بــە ناحــەق شــەهید

کـراون و خوێنیـان ڕژاوەتـە سـەر شـەقامەکان، شـاعیر لێـرەدا داوا دەکات نەگریـن، چونکـە گریـان و فیغـان دادی ئـەوان نـادات، گـەل چاوەڕێـی ڕاپەرینـە و ئـازادی و سەربەسـتی چۆتـە دەمارەکانـی لەشـیان، دەتوانیـن بڵێیـن شـاعیر سـوودی لـە شـیعری "داری ئـازادی"ی فایـەق بێکـەس وەرگرتـووە بـۆ داڕشـتنی ئـەم تێکسـتە شـیعرەی خـۆی کـە دەڵێـت:

داری ئـازادی بەخوێـن ئـاو نـەدرێ قـەت بـەر ناگرێ
سـەربەخۆیی بـێ فیـداکاری ئەبـەت سـەر ناگـرێ
پیـاو ئەبـێ بـۆ سـەندنی حەقـی لـە مـردن سڵ نـەکا
هـەر بڕووخـێ بـەس نییـە تاکـو نەسـەنرێ نـادرێ.

**سێیەم: نۆستالۆژیا**

ئەگـــەر ســـەیری تێکســـتە شـــیعرەکانی نووســـەرانمان بکەیـن بەشـی هـەرە زۆریـان باسـی بەسـەرهاتەکانی ژیانـی ڕابـردووی خـۆی کـردووە، وایانزانیـووە "گەڕانـەوە بـۆ ڕابـردوو وەکـو بەهەشـتێکی لەدەسـتچووە، ڕێگایەکـە بـۆ کەمکردنـەوەی ناڕازیبـوون لـە جەهەنمـەی ئێسـتا و، دەرمانێکـە بـۆ دامرکاندنـی ژانـــی ســـەر لێشـــاوی لـــە بەرزەخـــی دنیـــای ڕاســـتەقینەدا" (کۆمەڵێـك نووسـەر، ٢٠١٤، ل١٣٦) نووسـەرو شـاعیرانی ئێمـەش دوای ڕاپەریـن بـە جۆرێـك پەنایـان بردۆتـە بـەر نۆسـتالۆژیا زیاتـر بـۆ دامرکاندنـەوەی ئـەو خەیـاڵ و وەهمـە ناخۆشـەی بەسـەر مرۆڤـی کـورددا هاتـووە، بگـرە هـەر لـە ئەنفـال و کیمابارانکـردن و کوشـتن و بریـن و زینـدە بەچاڵکردنـی تاکـی کـورد، هەروەهـا ئاوڕدانەوەیەکـە لـە ڕابـردوو خاڵیکردنـەوەی دڵ و دەروونیشـە، چونکـە پێشـووتر شـاعیران نەیانتوانیـوە بـاس لـەو جـۆرە بەسـەرهاتانە بکـەن، ئەگـەر سـەیری بەرهەمـی زۆربـەی شـاعیرانی کـۆن و نوێشـمان بکەیـن، وەکـو ئـەرك و بەرپرسـیاریەتییەك باسـی ئـەو ڕوودا و نەهامەتییانەیـان کـردووە، بـە سـەر گەلەکەمانـدا هاتـووە بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان لـەب ەرهەمەکانیـان سەرزەنشـتیان کـردووە، دژی زوڵـم و زۆرداریـی دوژمـن و داگیرکـەران وەسـتاونەتەوە، لەلایەکـی تـر نووسـەر و شـاعیران لـە بەرهەمەکانیـان بـاس لـە ژیانـی خۆشـی خۆیـان دەکـەن، لەکاتـی منداڵـی کـە لـە ڕابـردوو هەیانبـووە، "هـەر هیـچ نەبێـت بەبیـرە خۆیـان بهێننـەوە، چونکـە دووبارەبوونەوەیـان لەسـەر لاپـەڕەی ژیـان و ئـەرزی واقیـع شـتێکی بـێ سـوود و خۆزگەیەکـی بـێ بـەرە" (عەبدوڵـلا، ٢٠١٦، ل٢٢٤) لێـرەدا شـاعیر ناتوانـێ چیـتر ئـەو هەسـتە لـە دەروونیـدا خەفـە بـکات و بیپارێزێـت، بۆیـە لـە ڕێگـەی دەربڕینیـدا ناخـی خـۆی پـێ خاڵـی دەکا و دەروونـی ئـارام دەبێتـەوە.

**تایبەتمەندییەکانی نووسەری نۆستالۆژیا بریتین لە:**

١. خەمباری (دڵتەنگی)و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

٢. مەیلـی لـە ڕادە بـە دەر بـە گەڕانـەوە بـۆ نیشـتمان و شـوێنی لەدایکبـوون.

٣. دەربڕینـــی بیرەوەرییـــەکان لەگـــەڵ حـــەسرەت و ئـــاخ هەڵکێشـــان.

٤. پەنابردنـــە بـــەر ســـەردەمی منداڵـــی و یادکردنـــەوەی حـــەسرەت و خەمـــەکان.

٥. ئەفسانەسازی. گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان

٦. گەڕانەوە بۆ شێوێنەوارە کۆن و دێرینەکان.

٧. گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان.

(أیاد، ١٣٨٧، ل١٥٧)

ئەو گەڵایەی
لە سەردەمی سەوزبوونەوەی پەنجەکاندا
دەبریسکایەوە
ئەو گەڵایە...
وێنەی هەشت ڕووەکەی
لە سەردا نەخش کرابوو
وێنەی ڕووشم
لە سەر پەنجەرەی ژووری
مناڵێکی هەشت ساڵی چاپ کرابوو

(شیعری تەغریبی، ٢٠٠٤، ل١٢)

لـەم کۆپلـە شـیعرەدا شـاعیر بـاس لـە منـداڵ دەکات، دیـارە شـاعیر دەیەوێـت لـە ڕێگـەی گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی منداڵـی و بـاس لـە پـاك و بێگـەردی ڕابـردووی خـۆی بـکات و بـاس لـە سـەوزبوونی و جوانیـی جەسـتەی خـۆی دەکات، دیـارە عەشـقی منداڵییـە بۆتـە هۆکارێـك بـۆ سـوکنایەتی دڵـی و دەروون و ناتوانـی لـە دەفتـەری یادەوەرییـەکان لـەب یـری بـکات، بۆیـە زۆر جـار شـاعیران بـۆ ئارامبوونـی دڵ و دەروونیـان پەنـا بـۆ گەڕانـەوەی خۆشـییەکانی خۆیـان و گەمـە و یادگارییەکانـی منداڵـی خۆیـان دەبـەن.

تۆ سەیری ئاسمانی چاوم بکە
بزانە لە ناو تروسکەی ئەستێرە بێگەردەکانیا
چۆن دایکم و خەونەکانی
چۆن باوکم و عەرەبانە شڕۆلەکەی باوەش ئەکەم

(ئەحمەد، ل١٦٧)

ئــەم شــیعرە نۆســتۆلۆژیای خــەم و حەسرەتــی دووری ئازیزانــە؛ کــەژاڵ لــە یــاد و بیــرەوەری، هەســت بــە ئازارێکــی ڕۆحــی دەروونــی خــۆی دەکات ، شــاعیر ســۆز و خوولیــای ڕابــردوو جارێکــی تــر دێنێتــەوە بەربــاس و بیرەوەریەکانــی ڕۆژگارێــك بــاس دەکات، کــە چــۆن باوکــی بــە عەرەبانــە کاری کــردووە، عەرەبانــەش ڕەمزێکــی ماندووبــوون و نەبوونییــە بــۆ کەسانی هــەژار، دیــارە ئــەم بیرەوەرییــە و ئــازار و ماندووبــوون و ڕەنــج کێشــانی باوهکــی ئێســتاش ئــازاری دەدا و لــە یــادی نەکــردووە.

چاوەڕوانیم دەکوژم
تا مردن لەوێ
لە وڵاتی خەون دەژین
گیان ڕووناکییەکانی ژێر سێبەری دێرینترین خانووی
گوندی گەنجینەی منداڵیم
برادەری خدری زیندەن...

(ڕەنجدەر، ل٧٠)

شــاعیر بــاس لــە گەڕانــەوە بــۆ گوندەکــەی خۆیــان دەکات، دەیــەوێ ئەمجــارە بگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی تاوەکــو مــردن لــەوێ بــژی، ئەمــەش وەك وەفایەکــە و هەســتێکی خــۆش و ئــارام بەخشــە بەرامبــەر بــە گوندەکــەی. لەلایەکــی تــر شــاعیر ســیفەتی خــدری زینــدەی داوەتــە پــاڵ گوندەکــەی، ئەمــەش ڕۆحێکــی بــاڵا و نەمــری دەبەخشــێتە گوندەکــەی، هەرچەنــدە گوندەکــەی ئێســتا کەســی تێــدا نەمــاوە و بــەرەو کاولبــوون و چۆڵــی چــووە، بــەڵام لای شــاعیر ئــەو هەســتە کاڵ نەبۆتــەوە و چاوەڕوانــی شــادبوونەوەیە بــە زێــدی بــاب و باپیرانــی، ڕۆژێــك لــە ڕۆژان بچێتــەوە ئــەو گونــدە و ئاوەدانــی بکاتــەوە و تیایــدا بــژی.

مانگی چواردە کە بەتوندی تەمی چەور لا دەدا
لەخۆباییبوون و خرۆشی هێزی زۆری نییە
بە دوای توانای خۆیدا
تریفەی پڕ ناساندنی شوێن و بلوور و پۆلایە
تۆوی بەهرە و دۆزینەوە دەوەشێنێ.

(س.پ، ل٤٨٢)

هەســتی شــاعیر دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی تافــی لاوی خــۆی، باســی ئــەو توانایــەی خــۆی دەکات، کــە لــە ســەردەمی گەنجیــدا هەیبــووە، وەکــو پۆلائاســا توندوتــۆڵ و پتــەو بــووە، جوانــی و کەشــخەیی ئەوســای وەکــو مانگــی چــواردە بــووە و حەوجــەی بــە ئەنگوســت نییــە، شــاعیر لێــرەدا بەڕابــردووی خــۆی ژیانــی ئێســتای پــێ ڕوونــاك بکاتــەوە و هەســت و دەروونــی خــۆی، یاخــود ورەی خــۆی پــێ بڵنــد بکاتــەوە، ئاســوودەییەك بخاتــە ســەر تەمەنــی ڕۆیشــتوو، کــە ئەمــەش زیاتــر لێــرەدا بــۆ بەرزکردنــەوەی مۆڕاڵــە.

**چوارم: یاخیبوون**

مــرۆڤ هــەر لــە ئەزەلــەوە کاتــێ خــودای گــەورە دروســتی کــردووە قودرەتــی ئــەوەی پــێ بەخشــیووە بەهەندێــك شــتی نــاڕەوا یاخــود کار و کــردەوەی نابەجــێ بڵێــت نەخێــر، یاخــود ســتۆپیان پــێ بــکات. شــاعیران و نووســەرانیش توانیویانــە لــە ڕێگــەی خامەکانیــان ئــەو هەســت ناڕازییــە دەرببــڕن و سنوورێك بــۆ هەنــدێ لایەنــی سیاســی، ئابــووری، ڕۆشــنبیری، ئایینــی، کۆمەڵایەتــی ... دابنێــن و هەندێــك کــۆت و بەنــدی، کــە خــۆی بــە زۆرەملــێ ســەپاندووە بــە ســەر کۆمەڵگــە تێــك بشــکێنن، (جــاك بریــم) لــە ســاڵی ١٩٦٦ لــە تیۆرییەکەیــدا دەڵێــت: "یاخیبــوون دیاردەیەکــی دەروونیــە، هۆکارەکەشــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو کاتــەی ئــازادی هەڵبــژاردن لەلایــەن تاکــەوە دەکەوێتــە ژێــر هەڕەشــەوە، ئەمــەش دەبێتــە هۆکارێــك بــۆ گۆڕانــکاری لــە هەڵســووکەوت و کــرداری مرۆڤــدا، یاخیبوونــی دەروونــی، هێزێکــی ناوەکییــە و کاتێــك ســەر هەڵــدەدات، کــە ئازادییــەکان بەرتەســك دەکرێنــەوە، وەك هەڵســوکەوتە تونــد و ســنووردارانەی دایــکان و بــاوکان لەبەرامبــەر منداڵەکانیــان پەیــڕەوی دەکــەن و هــاوکات پەرچەکــرداره نواندنەکانــی منــداڵ لــە بەرامبەریانــدا ڕوو دەدات" (عەبدوڵــڵا گــەردی، ٢٠٢١، ل١٠٥)

لێرەوە ئێمە دەتوانین یاخیبوونی شاعیرانی دوای ڕاپەڕین بــە ســێ قۆنــاغ دیــاری بکەیــن، بەشــێکیان پەیوەندیــی بــە دەســەڵاتی سیاســیی کوردییــەوە هەیــە کــە لــە دوای ڕاپەڕینــی

بەهـــاری ١٩٩١ەوە دەســـت پـــێ دەكات، بەشـــەكەی تریـــان پەیوەندیـی بـەو دابونەریتـە كۆنەپەرستەی كـە لـە كۆمەڵگـەی كـوردی بـاو بـوو وەكـو دیـاردەی ژن بـە ژن و گـەورە بـە گچكـە ....هتـد كـە بـە پێشـێلكردنی مافـی ئافرەتـی كوردیـان دەزانـی، هەروەهــا لەلایەكــی تــر ئاوڕدانەوەیەكــی شــاعیران بــوو لــە نووسـینی دەقـە شـیعرەكانیان و گوڕانكاریـان كـرد لـە تەكنیـك و فۆرمــی شــیعری بــە مــەش جــۆرە داهێنانێكــی شــیعری سـەردەم هاتـە كایـەوە، كـە دەتوانرێـت بـە پۆسـمۆدێرننیزمی شـیعری ئەدەبـی كوردیـمان ناوزەنـد بكرێـت.

لەگەڵ گریانەكانی ئەواندا

من لەسەر شۆستەكانی ئاژاوەدا دادەنیشتم

لە سوچە موكەعەباتییەكانی

دیواری نووسییندا گۆشەگیر دەبووم

لەگەڵ ڕووداوە دڵتەزێنەكانیاندا

بەرائەتی ڕۆژانی مناڵیم بیر دەچوو

(سەرمەدی، ٢٠٠٤، ل٢٥)

شـاعیر لاوەنـد سـەرمەدی لـەم پارچـە شـیعرەی كەوتۆتـە بــەر بارێكــی نائارامیــی دەروونــی، ژیانــی دوای ڕاپەرینــی تاكــی كــورد بۆتــە یەكێــك لەخەمــە گەورەكانــی، چونكــە دوای ڕاپەریـــن گەلێـــك ڕووداوی نەخـــوازراو بەســـەر گەلـــی كــورد هــات لەوانــە هــەژاری و قاتوقــڕی و شــەڕی براكوژیــش لەلایەكــی تــر، چونكــە لــەڕۆژگاری ئەوســا "دەســەڵات تاكــە بەرنامــەی زەبروزەنــگ و هەڵنانــی زیندانــی و كوشــتنی ئازادیــی بیروبــاوەڕو ڕادەبریــن بــوو" (عەبدوڵــڵا، ٢٠٢٠، ل ؟)، ئــەم ڕووداوانــە بارێكــی نەخوازراویــان لای شــاعیر دروســت كــرد لەكۆتایــی شــیعرەكەی بــاس لــەوە دەكات، كــە پەشـیمانە لـەوەی پێشـووتر بـۆ ئازادیـی نووسـیووە، بەڵكـو بـە هەڵەیەكــی مێــژووی خــۆی دەزانێــت.

ئەم دخوەدا هەڤدژین و ژ هەڤرا دژین

تەڤ سەركەفتن هەلێڤرین و شین بوون برین

ئەڤ دانسالێ پاییزییە.....

بێ مكیاج

بێ كلچیڤ

بێ كل

(حیتۆ، ٢٠٠١، ل١١)

گیانـی یاخیبـوون وەكـو دیاردەیـەك لای شـاعیرانی بزاڤـی "نویكــرن هەروهــەر" ســەری هەڵــداوە دژی دەســەڵاتی سیاســی ئەوســا، واتــە دوای ڕاپەرینــی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١ دەنگــی خۆیــان خســتۆتە پــاڵ دەنگــی گــەل و بــە كارێكــی نــاڕەوا و نادروســتیان زانیــوە، چونكــە پێیــان وابــووە دەبێتــە هۆكارێــك بــۆ لەناوبردنــی ئــەو دەســكەوتانەی كــە چەندیــن ســاڵ گەلــی كــورد خەباتــی بــۆ كــردووە و خوێنــی بــۆ ڕشــتووە. هەروەهــا شــاعیر دەڵــێ:

ئەوێ شەڕڤان

یێ دزڤروكا دوو دلیێ دا

كوڤان كوڤان كەزی یێن دیروكێ دڤە هوینیت

ئەگەر هات و ئەڤ جارە ژی (شكە سەركەفتن)

ببیتە دیلان

گوپالی من دێ كورت بیتن

هەروەها لە شوێنێكی تر دەڵێت:

نێر گزەك و

هندەك پارچێن ئومێدەكا پرت پرتكری

چەندین روندكێن چاڤ ژێ شەرمین

بوهارەكا پلاستیكی دڤا خكەكێ دەرزی دا

ژنشكە كێڤە، هەموو پەیڤێن ڕەش و خەمگین

لسەر مزیلا نكێن بێ خەوێن من یێن لەرزۆكدا ئێورین

(س. پ، ل٢٧)

لێــرەدا شــاعیر هەڵوێســتی خــۆی وەردەگرێــت و ئاشــكرای دەكات دژی شــەڕی براكوژییــە و پێــی وایــە ئــەم دژایەتیــی یەكــتر كردنــە و كوشــتن و برینــە هیــچ بەرهەمێكــی باشــی نابێــت، بۆیــە ئــەو وەكــو شــاعیرێك بــەم دۆخــە ڕازی نییــە و لــە توانــای ئــەودا نییــە كۆتــای ئــەم دۆخــە نەخــوازراوە بهێنێــت كــە بــە ســەر گەلەكەیــدا هاتــووە، بۆیــە یاخییــە لــەم بــارە ناهەمــوارەی كــە لــەم ڕۆژگارە دروســت بــووە.

زووخاو...

زوووخاوو...

زووووخاووو...

زوووووخاوووو

لێم زیز مەبن

ئەتانەوێ

لە ئاوێنەی شیعرێکەوە

شارۆچکەیەکتان پیشان بەم

(سالح سووزەنی، ١٩٩٥، ل٣٤)

شاعیر سالح سووزەنی لەم شیعرەدا بە ئاشکرا دیارە ڕەهەندێکی دەروونی بە سەریدا زاڵە، چونکە وشەی (زووخاو) کە چوار جار دووبارەکراوەتەوە ئاماژەیە بۆ دەربڕینی هەستێکی ناخۆش ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری "نەگونجانی جیهانی ناوەوەی شاعیرو بیر و لێکدانەوەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و کۆمەڵ و ژیان و سیاسەت لێرەدا پەرەی سەندووە، لای هەندێك نووسەر دەبێتە شۆڕش و لەگەڵ کێشەی جەماوەردا تێکەڵاو دەبێت" (کشانك، کامو ١٩٨٦، ل١٨) واتە ئەم شیعرە ئاماژەیە بۆ ڕەهەندێکی نیشتمانی، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شاعیر هەیە.

سەدان ساڵە لە دوایین جاری مردنم

تێپەر دەبێ

کەچی نە حەشرم دەکەن

نە لەم گۆڕیچە تەنگەش دەرمدێنن

ئاخۆ کەنگی

ئایەتی حەقیقەت نازڵ دەبێ!؟

کام پێغەمبەر ....

کام ئومەت وەری دەگرێ.

(سوڵتان بەگی، ١٣٨٢، ل٢١)

شاعیر باس لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی ئێرانی دەکات، بەتایبەت ژیانی مرۆڤی کورد لەم وڵاتە، کە ئازادییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر بەرتەسك کراونەتەوە، شاعیر لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری ڕوو دەدەن، زۆر لێیان نائومێدە بە جۆرێك داوای مردن دەکات و داوای حەشر دەکات، یاخود کێ دەتوانێ ببێتە فریادڕەسێك (پێغەمبەر)ێك لەم دۆزەخە ناهەموارە ڕزگاریان بکات.

**پێنجەم: ئایرۆنی**

نووسەر یاخود شاعیر کاتێ تێکستێك دەنووسێ باس لە شتێك دەکات یان پرسیارێك دەکات لەبارەی شتێك دەیەوێت وەڵامێك وەرگرێت، کەچی خۆی شارەزاتر وڵامەکە دەزانێت، بەڵام خۆی لی گێل دەکات، وەڵامەکە بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، چونکە دەقەکە خاوەنی دوو واتایە، یەکێکیان ئاشکرایە، ئەویتریان شاراوەیە، بەڵام ئەو مەبەستی ئاشکرابوونی واتا شاراوەکەیە وەکو ئەو پەندە پێشینانەی کە دەڵێت: (ئەوەی ژێر بەرەی بخرێتە سەر بەرەی) هەر لەم بارەیەوە (د. جبار احمد حسین) دەڵێت: "ئایرۆنی تەکنیکێکی گوزارشتکردنە، کە وشەکان یان ڕستەکان واتایەکی دوو لایەنە دەگەیەنن، یەکێکیان ئاشکرا و ڕووکەشە، ئەویتریان شاراوەیە، بەڵام مەبەستە ڕاستەقینەکەیە، بەزۆریش ئەم دوو واتایە پێچەوانەی یەکترن، هەندێ جاریش واتە گوزارشتکردن لە هەڵوێستێك بەپێچەوانەی خواستی هەڵوێستەکەوە، بۆ نموونە کەسێك کارێکی خراپ دەکات، پێی دەوترێت: ئافەرین!....، یاخود ئایرۆنی لە ڕوودانی ڕووداوێکی پێشبینی نەکراوەوە، یان چاوەڕوان نەکراو سەر هەڵدەدات، بۆ نموونە دزێك پارەی دزیەکەی بۆ خێر بەکار بهێنێت!..." (حسین، ٢٠١٠، ل٢٤-٢٥) واتە لە گفتوگۆ و لۆژیکی شاعیر شتێکمان دێتە بەر گوێ پێچەوانەی ئەو پێشبینە بوو، کە خوێنەر چاوەڕوانی لێ دەکرد، ئەمەش زیاتر لە نووسەر و ئەدیب و شاعیرانی سەردەمی دوای ڕاپەرین بەرچاو دەکەوێت. بەڵام لێرەدا "ئەوەی خوێنەر چاوەڕێی ئەکات لە کۆتاییی بەرهەمەکە دەرئەکەوێت، بە واتایەکی ڕوونتر، خوێنەر چاوەڕوانی شتێکە و لە ئاکامدا ڕووبەڕووی شتێکی دیکە ئەبێتەوە. لە تەوسا بارودۆخدا خوێنەر وەك کەسێتییەکان لە ئاکامدا تووشی هەمان بێبەختی و نادیاری ئەبن)) (سەجادی، محمموودی، ٢٠٠٤، ل١٤) ئەمەش بەهۆی ئەو ماڵوێرانیەیی دوای ڕاپەرینی بەرۆکی مرۆڤی کوردی گرتەوە، دیارترینیان شەڕی ناوخۆ و نەبوونی بوو کە بوونە جێگەی نائومێدی لای تاکی کورد. هەر بۆیە شاعیران و نووسەرانیش بە گومان و سەرسورمانەوە باسیان لە بارودۆخ و نەهامەتیانە کرد بەتایبەتی دوای ئازادبوونی کوردستان هاتە ئاراوە.

منداڵەکان

دۆزیمەوە گوێیەکانم

دۆزیمەوە چاوەکانم

پەنجەکانم

نیشتمانم .... نیشتمانم

(مەسیفی، ؟ ، ل٢٨)

لەو پارچە شیعرەی ئەنوەر مەسیفی سەرەتا تاوەکو

دێری چوارەم مانای ڕوون و ئاشکرایە هەموو مرۆڤێك (گوێ، چاو، پەنجە)ی خۆی دەناسێ و سێ هەستی دیار و کاریگەرین لە لاشەی مرۆڤ، بەڵام کاتێك باسی نیشتمان دەکات ئەوا لایەکی ناڕوونی ئایرۆینیە مەبەست ئەوەیە نیشتمانەکەی دابەش کراوە و لە لایەن دوژمنان داگیر کراوە، ئەمە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی هاووڵاتیانی کوردستان لە یەکتری و لە هەندێك شوێنی ئەم کوردستانە، بەهۆی قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندن نووسین بۆتە هۆکارێك بۆ لەناوچوونی ناسنامەی زمان لە لایەکی تر کولتووری باب وباپیرانیان.

نواڵە ئێستا کاتژمێرەکەی نووستووە

ماوەیەکە پیاسەمان بەتاڵ کردووە..

(ڕەنجدەر، ل٢٨)

سەباح ڕەنجدەر لێرەدا باس لە خۆشەویستی خۆی دەکات لەڕابردوو، کە یارەکەی دیارە ناوی نواڵە بووە، ئاشکرایە ماوەیەك پێکەوە بوونە و ئاگایان لە هەمووکاتەکانی ژیانی یەکتر هەبووە و ژوانی خۆشەویستیان هەبووە، بەڵام مەبەست پیاسەی تاڵ مەبەستی دابڕان و بەجێ هێشتن و بێوەفایی دڵدارەکەیەتی، ئێستا خۆی بێئاگا کردووە لەو ڕۆژگارەی کە ماوەیەك پێکەوە دڵداری گیانی بە گیانی بوونە. زۆربەی جار "ژیانی شاعیر پڕیەتی لە کارەسات و ئەشکەنجە و گریان و پێکەنین، شاعیر ڕێبوارێکە کە تورەگەی دڵ و دەروونی بە سەدان وێنەی جۆراوجۆر و یادگاریی جێماوی تیایدا هەڵگیراوە" (ئاوارە، ١٩٧٩، ل٦٢)

ئەوە چ بووە

پاشا جارێك نەکوژرا

هەموو جارێك تەسلیم بووا!

(عەبدوڵلا،٢٠١٠، ل٨٣)

هەموومان دەزانین پاشا لە وڵاتانی خۆرهەڵات بە ئاسان دەستبەرداری پۆست نابن و نە تەسلیم دەبن و نە دەکوژرێن، بەڵام کاتێك شاعیر دەڵێت: "تەسلیم بوو" مەبەستی لەوڵاتانی ڕۆژئاوایە، کە لەوێ پاشاش وەکو هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە مرۆڤێکە هیچی لە کەسی تر زیاتر نیە، دەتوانرێ لە هەر کارێکی خراپ دادگای بکرێت و تەسلیم بە ئیرادەی دادپەروەری وڵات بێت و لە پۆستەکەی دوور بخرێتەوە.

ژنێك کتێبی مێژوویی زۆر خوێند بووەوە

لەهەوای فێنکی ئێوارەدا

بەسەر مەکینەی دوورمانەوە

ڕادیۆی ناوخۆی لە نزیك خۆی دانابوو

کراس و بێجامەی بۆ مێردەکەی دەدووری

بێژەریش پرسە و ڕووداوی کوژراوێکی ڕادەگەیاند

لەم وڵاتە کەس نییە کەسێکی تر بکوژێت

ژنەش درووماني ڕاگرت وسەری هەڵێنا

بۆچ نا؟!

کێلگەی پەمۆ و گەنمەشامی

شیریان پێشکێش بە جۆخۆر کردووە

(ڕەنجدەر، ل٨٢)

لەم کۆپلە شیعرە کە بە مانای سادە و دەستەواژەی سانا ڕووی خۆی نیشانمان داوە. دیارە لە کۆپلەی پێنجەم کە دەڵێت: "بێژەریش پرسە و ڕووداوی کوژراوێکی ڕادەگەیانە"، واتە شەڕ و شۆڕ و ئاژاوە و براکوژییە، بەڵام هەندێکیان بەهۆی دانی باج و سەرانەوە خۆیان لەو گێژاوە پاراستووە، لێرەدا شاعیر مەبەستی لە دێرەکانی کۆتاییی شتێکمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەمەش زیاتر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرانە. هەروەها گۆڕینی زمان بە جۆرێك بۆ دەربڕینی شارەزایی و هەڵوێستی خۆی دژ بەو بارودۆخەی کە گەلەکەی تیایدا دەژین یاخود ژیاوە.

دیموکراسی

شەقامێکی بێ شوستە

شوستەیێکی بێ شەقام...

(قەرەداغی، ل٨٨)

هەموومان دەزانین دیموکراسی، واتە زامنکردنی مافی تاکەکەس و ئازادیی ڕادەربڕین و ژیانێکی فەراهەم و سەربەخۆ بۆ مرۆڤ، بەڵام مەهاباد لەم پارچە شیعرەدا دیموکراسی بەجۆرێکی تر وەسف دەکات، ئەمەش زیاتر مەبەستی دیموکراسی لەم وڵاتەیە، کە بەبێ بایەخ و بێ بەرنامەیە و وەکو شەقامێکی بێ شۆستە وایە، هیچ یاسا و ڕێسایەکی هاتوچۆی تیایدا جێگەی نابێتەوە، واتە لەجیاتی بەختەوەریی بۆ تاکی ئەم وڵاتە، نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆیان هێناوە.

**شەشەم: پارادۆکسی**

نووسەر یاخود شاعیر دەتوانێ لە ئەنجامی بەریەککەوتنی بنچینەی دوو وشەی دژواتا پارادۆکسی بەرهەم بهێنێت واتە "بەرامبەر کردنی دوو وشەی دژواتا، کە واتایەکی نوێ دروست دەبێت" (سلێمان، ٢٠٠٢، ل٩) بە ئامانجی دروستکردنی وێنە و مانای نوێ، ئەمەش زیاتر مەبەستی شاعیرانی پۆستمۆدێرنیتەیە هەوڵ دەدەن بیری خوێنەر بەرەو قوڵاییی دەقە واڵاکان، یاخود کراوەکان ڕابکێشن و بیانخەنە نێو دنیای ئەدەبێکی چێژبەخش، هەروەها نیشاندانی جۆرە ستایلێکی شیعری سەرنجڕاکێش کە ببێتە جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردن لای خوێنەران

"پاردۆکس زێتر لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانە مۆدێرنەکانەوە بەتایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە نێو ئەدەب و وەك ستایل، یان وەك پێکهاتە و بنەمای زمانی نووسین و شیعری سوودی لێ وەرگیراوە، ئەم چەمکە لە ستایلی شیعری بۆ پۆستمۆدێرنی لەپاڵ گومان و پرسیار و دووبارەبوونەوە و گەمە زمانەوانییەکان زۆر بەرچاو دەکەوێت" (حەسەن، ٢٠٢٠، ل١٣٦) هەر لێرەوە ناڵە حەسەن باس لە کیشانی تابلۆیەکی شیعری فەرید زامدار دەکات کە چەندە بە لێزانی و وەستایانە کاری لەسەر کردووە کە دەڵێت: "دوکەڵی گوڵ" ناونیشانی کورتە شیعرێکە بۆ هەڵەبجەی نووسیووە، کە بە دوو وشە توانیویەتی تەعبیر لە یەکێك لە کارەساتە هەر گەورەکان و خەماوییەکانی مێژووی گەلی کورد بکات، دوو وشەی دژ بەیەك و دوو سیمای تەواو دژ و ناتەبا، دوکەڵ هێمایە بۆ گازی کیمیایی، گوڵیش هێمایە بۆ جوانی و ناسکی لێرە هێمایە بۆ مرۆڤە بێتاوانەکان واتە هێمایە بۆ بەرائەت. بەڵام ئەو دەڵێ دوکەڵی گوڵ، چەندە بەهرەمەند و بەختەوەرن ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە لە چرکەساتەکانی نووسین، دەسەڵاتیان بە سەر زماندا دەشکێ و وشەکان بۆ ئامانجی گەورە لە شوێنی تایبەت و پێویست بەکار دەهێنن، تەنها بە دوو وشە بە ئەندازەی تابلۆیەکی نایاب، یان بەئەندازەی ڕۆمانێك هێزی جوانی دەبەخشێت (س. پ، ل١٣٨—١٣٩). سەرنجی خوێنەر بۆ دونیای ئەو تاوان و گوناهانەی دەرهەق بە میللەت و گەل و نیشتمانەکەی کراوە، تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون، ئەستەمە بۆ ئەبەد لە بیریان بکات.

هەمی تشتێن د گوهرینێ دا

ئەو ڕاستیا نەهێت گوهرین

گوهرینە

(قۆچان، ١٩٩٩، ل٢٧)

بوونی پارادۆکس لە شیعرەکانی موحسین قۆچان بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون بە بەرچاومان دەکەوێت، لێرەدا زیاتر مەبەستی ڕەخنەگرتنە لە چینی دەسەڵات و لە لایەکی تر لە چینی کۆمەڵگە. چونکە وا بەچاوی خۆمان دەبینین زۆری گەلانی ناوچەکە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە. بۆ ئێوە ئەی چینی دەسەڵات و کۆمەڵگە بەو ڕاستییە نازانن، دەبێ ئێوەش دەست بە چاکسازی لە بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگەی کوردیدا بکەن دان بەو حەقیقەت و ڕاستییە بنێن، کە بەبێ چاکسازی و دەست هەڵگرتن لە هەندێك بیروڕا هیچ جۆرە پێشکەوتنێك و ئامانجێك نایەتە دی.

کوا وجودی جیاوازی هەیە لە نێوان

ڕووناکبیر و تاریکبیردا

کوا وجودی لەیەکچوون هەیە لەنێوان

ئاسمانە زەمینییەکان و زەمینە ئاسمانییەکان

(کەژاڵ، ل٤١٩)

لەم شیعرەی کەژاڵ هەوڵ دەدات ڕوویەکی نادیاری چینی تێگەیشتوو ڕۆشنبیرانمان پیشان بدات، کە ئەوانیش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان تیایدا نابینرێ بەرامبەر دەستەبەرکرنی ماف و ئازادیی ئافرەت، کەچی "لە کاتێکدا هەمووان گۆرانی بۆ ئازادی و مەزنیی ژیان دەچڕن)) (صویلح، ٢٠٠٢، ل٨) واتە قسە و بەڵێنەکانیان وەکو بڵقی سەر ئاوە و درێژە پێدەری هەمان ڕێباز و کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵگەن و قەڵەم و ناخیان دوو شتی دوور لەیەکترن، تیایدا دەبێ پیاوسالاریماڵ بێت و ئافرەتیش ژێردەستە و جێبەجێکار.

بۆ کچانی نیشتمانەکەم

ئەی کچانی نیشتمانی هەمیشە پیاو!

ئەوان، ئەوان!

هەموو لەوەسفی ئێمەدا
دەبنە پەپوولە
لەناو خوێنیشماندا....
دەبنە جەلادەکانی مێژوو

(سوڵتانی، ٢٠١٤، ل٢٤)

پارادۆکسی لەنێوان وشەی "پەپوولە، جەلاد"دا هەیە، دوو وشەی دژ بەیەکترن؛ شاعیر لێرەدا وێنەی پیاوسالاری دەکێشێ، چۆن بە سیما و رووخسار وەکو پەپوولە خۆیان نیشان دەدن، بەڵام لە ژێرەوە وەکو جەلادن، جەلادیش مەبەستی کەسێکی خوێنڕێژە، لەوانەیە ئافرەت هەرکارێك بکات دژی عورف و عاداتی کۆمەڵگە بێت و بە ناڕەوای بزانن، یەکسەر وەکو جەلاد لەسەری بدەن و خوێنی برژێنن.

بۆ پێ ڕاناگەم؟
هەمیشە پێ ڕاناگەم
بۆ هەمیشە پێ ڕاناگەم
دەمەوێ پێ ڕابگەم
هەتا پێ ڕادەگەم
هەتا دەمەوێ پێ ڕابگەم
لەمێژە تۆفان هەڵگیرساو.

(خلیل، ٢٠٠٧، ل٥٨)

شاعیر ڕوویێکی ڕاستی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیمان پیشان دەدات، کە چەندە مرۆڤی کورد ماندووە بە دەست ئەو ژیانە و ڕازییە هەموو ئازارێك ببینێت تاوەکو بتوانن ژیانێك کۆلانەیەك بۆخۆی دابین بکات، لەوانەیە زۆربەی تەمەنی لە دەست دابێ و یاخود ڕۆیشتوو بێت. لەلایەکی تر قەدەری ئەو میللەتە ئاوایە شتێك دەبێتە سەبەب و ریسەکەی لێ دەکاتەوە خوری، ئەمەش وەکو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ بێت، یاخود هێرشی داگیرکەرانە بێت. ڕووداوێك لەم ڕووداوانە دەبنە هۆکار.

**حەوتەم: تراژکۆمیدی**

نووسەر و شاعیران بە سوودوەرگرتن لە فەزای ڕۆحی شانۆ لەگەڵ گفتوگۆ و گەمەی فکریی نێوان کارکتەرەکان هەوڵیان داوە ئەم جیهانە پاکە بگوێزنەوە نێو دونیای شیعر، بە چەشنێك تێکەڵ بە خەیاڵ و مۆسیقا و زمانی شیعری بکەن. مەبەستیش لەم تەکنیکە کۆبوونەوەی هەردوو ڕەگەزی پێکەنین و ئازارە لە بەرهەمێکدا، یان لە هەڵوێستێکدا، حاڵەتێکە کە وەرگر نازانێت ڕووبەڕووی بەرهەمێك، یان دیاردەیەکی پێکەنیناوی بووەتەوە، یان ئاگاداری نییە بەرهەمێکی دژوار و دڵخورپێن و ئازاربەخش دەخوێنێتەوە. سنووری ڕاڕایی نێوان دوو باری "پێکەنین و گریان"، "دڵخوشی و دڵەخورپێ"، سەرەتایەکە بۆ تراژکۆمیدیا کۆبوونەوەی ڕەگەزەکانی کۆمیدیا و تراژیدیا لە بەرهەمێکدا، بەرهەمێکی کارێکەر دروست دەکات، هەروەك لە شانۆی سەردەمی باڕۆك لە ئەدەبی ئەوروپیدا دەبینیرێت، کە بە "تراژ کۆمیدی" دەناسرێت، شانۆنامەکانی شەکسپیریش بەڵگەی ئەم ڕاستییەن (حسین، ل١٥١). شاعیر هەوڵ دەدات گەلاڵەی شیعرێك بکات کە هەم لایەنی تراژیدی تێدا بێت، ئەمە لە سەرەتای شیعرەکەوە دەبێت، و لە لایەکی تریش لایەنی کۆمیدیا و دڵخۆشکەریش لەخۆ بگرێت "چونکە شاعیر دەبێ تەواوی مەبەستەکەی لە تابلۆیەك یان چەند تابلۆ و دیمەنێك چڕ بکاتەوە" (صلیوە، ٢٠١٦، ل٨٠) بۆ ئەوەی ئامانجەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت لە لایەن خوێنەرانەوە. ئەمەش بە شێوەیەك لە سیمای پۆستمۆدێرنیزمی شیعری ئەوروپی لە دوای دووەم جەنگی جیهانی، و هەروەها شیعری کوردی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ئازادبوونی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، شاعیران هەوڵیان داوە جگە لە دەربڕینی هەستی خەم و خەفەت و پەژارە و هەست و سۆزی دەروونیش ئاوڕێکیان لە لایەنی دەربڕینی قسەی خۆش و کۆمیدی و گاڵتەپێکردن و نیشاندانی دیوی سەیروسەمەرەکان و خەندە و پێکەنینیش داوەتەوە، ئەمەش بۆتە داڕشتنی جۆرێکی تری قاڵبی شیعری بە جۆرێك ببێتە جێگەی بایەخی لێکۆڵەروانی شیعر و هەروەها سەرنجی خوێنەرانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

شیعری تراژکۆمیدیا
وا تێ نەگەی کە دڵخۆشم
خەندە کەوتووەتە سەر دەمم
لە دووریت لە بەهەشتیش بم
نقومی دەریای ژان و خەمم

(غەمبار، نەغریبی٤، ل٣١)

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا دوو لایەنی نیشان داوین لایەکیان سیما و ڕەفتاری خۆیەتی کە شادی پێوە دیارە، لە لایەکی تر، لایەنی ناوەوەیە ئاسودە نییە، ئەمەش بە هۆی دووری لە بارەکەی، زیاتر بۆ ئەوەیە 'کاتێ شاعیر هەست و سۆزی بەرامبەر دیاردەیەك شتێك دەبزوێ و کاتێکیش شیعرێك دەنووسێت وەك لافاوێکی بەوروژم وردە وردە کەفوکولی دادەمرکێتەوە و هەڵچوونەکانی نامێنێت و ئارام دەگرێت و هەستە پەنگ خواردووەکانی دەردەبڕێت" (صلیوە، ٢٠١٣، ل١٧٧) واتە فرێردانهی ئەو هەستەی کە لە دەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە، دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم دەربڕینە بەتاڵی بکاتەوە.

ئەگەر مەرگ هات
توند دەیگرم، لێ ناگەڕێم خۆ دەرباز بکات
بزمارێکی درشتی کۆنکریت
لەسەر دیواری بەرد قایمی دەکەم
وا دەکەم ڕەوە مەیموونێکی قوون سۆر
بێن و پێی پێ بکەنن

(یوسف، ٢٠٠٧، ل٩٢)

دیارە مردن و ترسان لە مەرگ، ڕەهەندێکی دەروونی لای شاعیر دروست کردووە، بۆیە لەم شیعرەدا دەیەوێت دڵنەوایی خۆی بکات، ئێمە هەموومان دەزانین مەرگ ناگیرێت. یاخود شاعیر دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە ئەو دەست و بازووی زۆر بەهێزە و بێ منەتە لە ژیان، بەرامبەر هەموو کارێکی ناڕەوا دەرهەقی بکرێت، دەوستێت و سڵی لێ ناکاتەوە و ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەگەر بە مەرگی خۆشی بێت، ئەمەش گەڕانەوەیە زیاتر بۆ بیری فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم و پەیامی پوچگەراییە بۆ ژیان.

هەڵۆیەك!
لەسەر دوندێك
خەونی بە مانگ و ئەستێرە و
بە ئاسمانەوە دەبینی
کە ڕاچەنی
تەلە داو بوو
هەر چوار دەوری

(گوڵی، ١٣٨٤، ل٣٠)

شاعیر هەوڵ دەدات لەم شیعرە، باسی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکات دەرحەق بە گەلی کورد، تەنانەت لە خەونیشدا مافی سەربەستی و ئازادییان پێ ڕەوا نابینن و ئامادە نین دان بنێن بە هیچ ماف و ئازادییەك، بۆیە شاعیر تەنیا خەو بە ئازادیی ژیانی خۆی شك دەبا لەناو ئەو هەموو ناز و نیعمەتەی خوای گەورە بەو وڵاتەی داوە، لێرەدا شاعیر هەوڵی داوە هەر دوو لایەنی تراژیدی و کۆمیدی بخاتە نێو تۆپۆگرافیای شیعرەکەی، کە هەم ستایلێکی جوان و ئیستاتیکایەکی چێژبەخش دەبەخشێ و دەروونی خۆشی پێ ئارام دەکاتەوە.

مێرگی خوێن لە من
شین دەچێتەوە
هەر بەو ڕەنگەوە دەمێنێ
دەستی لێ نادەم
تا ئەو ڕۆژەی ئاشی ڕەقیب
بە هەوەسی هەرزە دەگەڕێ.

(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٤، ل٣٩)

دڵشاد لەم شیعرە، باسی ڕژانی خوێنی لاوەکانمان دەکا، کە بە ناحەق بە دەستی داگیرکەر ڕژاوە، ئەمە لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەمان و ئازادبوونی خاکی کوردستان ئەم باجەمان داوە، ئەم خۆفیداکارییە لای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دژی داگیرکەران بەردەوامە و هەموو کات گیان لە سەر دەستن، تاوەکو ئەو کاتەی خودای گەورە دەرگەیەکی ئازادی و سەربەستی بۆ ئەم گەلە ستەملێکراوە دەکاتەوە، هەروەها لاوانی وڵاتیش بە هەوەس و هەوای ئازادی بە سەربەخۆیی لە وڵاتی خۆیان دەسوڕێنەوە.

**هەشتەم: ساتیر (تەنز)**

نووسەرانی ئەم هونەرە هەر بەتەنیا شاعیر ناگرێتەوە، بەڵکو نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمانیش دەگرێتەوە. ئەمانە هەوڵ دەدەن هەموو ئەو ئازار و مەینەتییانەی کە لە ناو دەروونیاندا پەنگی خواردووەتەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەری ببڕن "ساتیر پەیوەندیی بە هەست و سۆزەوە هەیە و لە ئەنجامی گرێیەکی دەروونی سەرهەڵدەدات، ساتیر سەرەنجامی ڕق و کینەی کەڵەکە بووە لەکاتی دەمار

گررژێـدا دەگاتـە حاڵەتـی کامڵبوونـی، بۆیـە خاوەنەکـەی دەگاتـە ئـەوەی زیادەڕۆیـی لـە دەربڕینەکانیـدا بـکات" (مـەلا محەمـەد، ٢٠١٤، ل٧٠) هـەر لـەم باسـەوە دەتوانیـن جیـاوازی بکەیـن لـە نێـوان زمانـی داشـۆرین و زمانـی سـاتیر، چونکـە مەبەسـتی داشـۆرین ئەمەیە: شیعرەکە ئاراسـتەی کەسـێك، یان دیارەیـەك دەکرێـت لـە ئەنجامـی ڕق و قینـەی شـاعیرەوە بـێ بەزەییانـە هێرشـی دەکرێتـە سـەری، کەواتـە دەشـێت شـیعری داشـۆرین ببێتـە مایـەی تووڕەیـی و پەسـتی و بێزارکردنـی ئـەو کەسـەی ئاراسـتەی کـراوە، تەنانـەت زۆر جـار خوێنـەر، یـان بیسـەریش پێـی قەڵـس دەبێـت، بـەڵام دەتوانیـن بڵێـن شـیعری سـاتیر بەپێچەوانـەی ئـەوە، چونکـە شـیعری سـاتیر لـە سـەر بناغـەی گاڵتـە و بەزەیـی ڕۆدەنرێـت بـە شـێوەیەکی بناغـەی چاکسـازی نێـو کۆمەڵگـە و ڕەخنەیەکـی شـیرین ئامێـزە، لـە لایەکـەوە گوزارشـت لـە وردەکارییەکانـی دەروونـی مـرۆڤ دەکات، لـە لایەکـی دیکەشـەوە ئـەوەی بەرامبـەر بێـزار نـاکات، بەڵکـو دڵخۆشـتر و پـتر سـەرنجی بـۆ مەبەسـتە دەستنیشـانکراوەکە ڕادەکێشـێت (خەیـات، ٢٠١٥، ل٧٧ ــ ٧٨) کەواتـە یەکێـك لـە ئامانجـە گرنگەکانـی سـاتیر ڕەخنەگرتنـە لـە کەموکووڕییەکانـی، یـان کـردەوە نابەجێیەکانـی مـرۆڤ، یـان گروپێـك و دەسـتە و تاقمێکـی کۆمەڵایەتـی، یـان ڕۆشـنبیری و سیاسـی، کـە گەیشـتوونەتە ئاسـتێکی خـراپ لـە کۆمەڵگـە و پێویسـتە هەڵوەسـتەیان لەسـەر بکرێـت بـە مەبەسـتی ڕاسـتکردنەوەیان، مەرجـی شـیعری سـاتیر ئەوەیـە دەبێـت لەپـاڵ ڕەخنەگرتـن هۆنەرێکـی کۆمیـدی پێکەنینـاوی تێـدا بێـت. ئەمـەش دەگرێتـەوە بـۆ ئەزموونـی شـاعیر کـە لایەنـی ڕەخنـە و کۆمیـدی لـە بەرهەمەکـەی کـۆ بکاتـەوە.

سپێدەیەك وتی: دەزانی ئافرەت و پشیلە زۆر
به یەك دەچن؟!
مەبەستم لە جوانییانە
ئێوارەیەك وتی: ئەگەر زۆر تورە بووی
پەڕۆیەکی سوور دەخەمە بەر هێرشی
توندی نیگا و قۆچەکانت

(ئەحمەد، ل٦٩)

کـەژاڵ لـەم شیعرە، زیاتـر لـە دیـوی دەرەوە شـێوەیەکی گاڵتەجاڕانەمـان نیشـان دەدات بەرامبـەر بـە ئافـرەت، بـەڵام کـەژاڵ خـۆی لـە شـیعرەکانی زیاتـر بەرگـری لـە مـاف و ئازادیـی ژنـان دەکات. نابـێ مەبەسـتی کەمکردنـەوەی بەهـای ئافرەتـی کـورد بێـت، بەڵکـو مەبەسـتێکی قـووڵ لـە دیـوی نـاوەوەی شـیعرەکەدا هەیـە، ئەویـش بەکەمزانینـی بەهـای ئافرەتـی کـوردە لای پیاوانـی ئـەم کۆمەڵگەیـە، هەروەهـا چووناندنـی ئافـرەت بـە پشـیلە، واتـە سـپڵە و بێوەفـا بەرامبـەر بـە خاوەنەکـەی، ئـەم بیـر و هـزرەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگایەکـی پیاوسـالاری و دواکەوتـوو.

کۆرە دەڵێ:
بە یانیان ترە ترِی لۆرییان
هەڵم بستێنێ، شارە
گمە گمی کۆتران بێ، گوندە....

(یوسف، ل٨٣)

بەکارهێنانـی وشـەی ترەتـڕ نوێیـە و هەرچەنـدە لایەنێکـی گاڵتەجاڕانـە بـە شـیعرەکە دەبەخشـێ، مەبەسـتی شـاعیر خـۆی ئـەوەی لـە شـار دەژی وەك شـا نییـە و حەسـاوەش نییـە، هـەر لـە بەیانـی دەنگـی قەرەباڵغـی و ئوتومبێـل..... لـێ ناگەڕێـن ئیسراحـەت بخـەوی هەڵتدەسـتێن، ئەمـەش بەرپەچدانەوەیەکـی بـۆ ئـەو کەسـانەی مەدحـی شـار دەکـەن. بـەڵام لـە گونـد وا نییـە، بەڵکـو بـە ئـاوازی باڵنـدە و شـەهێن، یاخـود بـە جریـوەی چۆلەکـە و ئـاوازی بولبـول و کۆتـر بـە خەبـەر دێـت، ئەمـەش ئارامییـەك دەبەخشـێ بـە دڵ و دەروون، مەبەسـتی شـاعیر لێـرەدا گونـد ئارامـترە لـە شـار.

باپیرم لە شەڕێکی پووچدا کوژرا
باوکیشم لە شەڕێکی پووچدا کوژرا
منیش چاوەڕێی شەڕێکی پووچم
ئەوە چ مەملەکەتێکە؟
چەند لەمێژە تەنیا یەك کەس دەژی
یەك ڕووانین... یەك هەناسە... یەك مردن
ئەرێ بەڕاست ئێمە هەموومان،
پێشتر نەژیاوین؟

(خولی سێیەم وێران ٣، ٢٠٠٩، ل١٤)

بـاس لـە شـەڕێك دەکرێـت لـە نێـوان لایەنـەکان کـە نازانـرێ ئامانجـی چییـە، هەروەهـا مەبەسـت چییـە لـەم براکوژییـە، دیدێکـی گاڵتـە ئامێـز سـتایلی شـیعرەکەی داڕشـتووە و

ڕاســتەوخۆ خــۆی بۆمــان دەدوێــت. ئەمــەش ســاتیرێکی ڕاســتەوخۆیە، کــە خاوەنــی بەرهەمەکــە بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ خوێنــەر دەدوێنێت، واتــە ڕاناوی کەســی یەکەمــی تــاك بــەکار دێنێــت، هەندێــك جاریــش کەســێکی تــر لــە نــاو بــەر هەمەکــەدا دەکاتــە نوێنــەری خــۆی و لەجیاتــی ئــەم قسە دەکات (حســین، ل٢٣)، لێرەدا شــاعیر ســاتیرێکی ڕەخنــە ئامێــزی دژی سیاســەتمەدارانی کــورد بــەکار هێنــاوە بەرامبــەر بــەکار و کردەوەکانیــان و ڕەخنــە لــە شــەڕی ناوەخــۆ دەگرێــت و دژی هەڵوێســت وەردەگرێــت. لــە لایەکــی تــر ڕەخنــەش لــەوە دەگرێــت نابــێ هەمــوو خۆشــی و شــادی و بەرهەمــی ئــەم وڵاتــە هــەر بــۆ دەســەڵاتداران بێــت، ئــەی پێشــتر ئەمانــە بەڵێنیــان نــەدا کــە هەموویــان ئامانجیــان ڕزگارکردنــی کوردســتان و پێکــەوە بــە ســەربەخۆیی و ئــازادی هەتــا دەمریــن، دەژیــن؛ ئــەی بۆچــی ئێســتا پەشــیمان بوونەتــەوە.

لەژوورێکا

یەکێك باوێیشکی دەهات

دوانزدە کەس بە دوایدا وایان کرد

بۆقێکیش بە هەموویان پێ دەکەنی

(یوسف، ل٩٦)

لــەم ساتیرە شیعرە، شــاعیر زیاتــر پەیامی ڕەخنەگرتنە لــە تاکــی ئــەم کۆمەڵگەیــە، کــە خۆیــان هیــچ داهێنانێــك ناکــەن و تەنهــا لاســایی وڵاتــان دەکەنــەوە بــە شــێوەیەکی خــراپ، بوونەتــە مرۆڤێکــی تەمبــەڵ و مشــەخۆر، کەچــی لــە وەرزش و مەلەکــردن لاســایی بــۆق دەکەنــەوە، لەمــەش ســەرکەوتوو نەبــوون، بۆیــە شــاعیر بــە شــێوەیەکی گاڵتــە ئامێــز، دەڵــێ بۆقیــش بــە هەموویــان پــێ دەکەنــێ.

قەشمەر... کەی گوتوومە

گەشبینم، پەرداخ نیوەی پڕ ئاوە

قەشمەر... کەی گوتوومە

ڕەشبینم، نیوەی پەرداخ بە تاڵە

هەی قەشمەر.... کوا پەرداخ..

(س. پ، ل٩٧)

بەکارهێنانــی وشــەی "قەشــمەر" لای شــاعیر جۆرێــك لــە گاڵتــە جــاڕی بــە ســتایلی شــیعرەکە بەخشــیوە، بــەڵام لــە ئەســڵدا واتــە لەنــاوەوەی شــیعرەکە ئەگــەر لێــی بکۆڵینــەوە ڕەهەندێکــی دەروونــی ناتــەواو بــە شــاعیرەوە دیــارە، ئەمــەش بەرامبــەر بــەو چینــەی کۆمەڵگــە کــە بــە هەبوونــی ماماوەنــد ڕازی نییــە ڕەخنەیــان لــێ دەگرێــت بــە چاوچنــۆك ناویــان دەبــات، کــە هــەر دەڵێــن بــا بێــت تاوەکــو کاســە و پەرداخەکانیــان پــڕ دەبێــت و لەســەری دەڕژێــت بــێ گوێدانــە هیــچ بەرژوەندییەکــی گشــتیی کۆمەڵگــە.

**نۆیەم: مۆنۆلۆگ**

مۆنۆلــۆگ یەکێکــە لــە هونەرەکانــی نوێــی گێڕانــەوەی ڕۆمانی ســەردەم، یاخــود ڕۆمانــی نوێ، نووســەر هەوڵ دەدات زیاتر شــۆڕ بێتــەوە بــۆ نــاو نــاخ و دەروون و نیشــاندانی دیــوی شــاراوەکانی کارەکتــەر ئەمــەش "بــە ســوودوەرگرتن لــە شــیکردنەوەی دەروونــی و تیۆرەکانــی فرۆید لەبارەی ئاگایی، کــە بریتییــە لــە کەشــفکردنی هەســتی ڕاســتەقینەی کەسایەتییەکان و دەرخستنی بیرکردنــەوەی ناوەوەیــان و ژیانــی ڕاســتەقینەی ناوەکیــان" (خورشــید، ٢٠١٥، ل١٨) واتــە لێــرەدا ڕۆماننــووس هــەوڵ دەدات لــە ڕێــگای ئــەم هونــەرەوە ئامانجێکــی شــاراوە بخاتــە ڕوو "کــە بــە مەبەســتی پیشــاندانی بــاری دەروونــی کارەکتــەر و کــردارە ســایکۆلۆژییەکانی بــە کاردێــت، بەبــێ قســەکردنی کــەم، یــان زۆر لــە چرکەیەکــدا، کــە لــە چەنــد ئاســتێکی جیاوازیــی هۆشــدان، پێــش ئــەوەی وەك دەربڕیــن پــێ بگــەن و بتوانرێــت بــەم ەبەســت بــە شــێوەی وشــە و ڕســتە گوزارشــتیان لــێ بکرێــت (همفــری، ٢٠١٥، ل٥٩).

هونــەری مۆنۆلــۆگ لــە گێڕانــەوە بــۆ دوو جــۆر دابــەش دەکرێــت یەکەمیــان: مۆنۆلۆگــی ڕاســتە و خۆیــە: کــە لــەم جۆرەیــان ڕۆماننــووس هــەوڵ دەدات کارەکتــەرەکان خۆیــان باســی ژیانــی خۆیــان و لایەنــی ڕەهەنــدی نــاوەوەی دەروونــی خۆیــان بکــەن، بــێ ئــەوەی ڕۆماننــووس هیــچ دەســتێوەردانێك بــکات. واتــە "نووســەر هــەوڵ دەدات ئــەو بیرۆکانــەی لــە زەینــی کەســایەتییدا دەخوولێتــەوە و بوونیــان هەیــە وەکــو خۆیــان بــۆ دەقــی ڕۆمانــی بگوازێتــەوە. هــەر لەبــەر ئــەم هۆیەشــە بــە مۆنۆلۆگــی ڕاســتەوخۆ نــاسراوە، واتــە مۆنۆلۆگــە کــە ڕاســتەوخۆ لــە زەینــی کارەکتــەرەوە ئاراســتەی خوێنــەر دەکرێــت، بەبــێ بوونــی هیــچ ناوەندێــك" (مەجیــد، ٢٠١٢، ل٤٨ــ ٤٩). دووەمیــان مۆنۆلۆگــی ناڕاســتەوخۆیە: لــەم جۆرەیــان خوێنــەر هەســت دەکات ئــەوەی دەدوێــت دەنگــی

ڕۆماننووسـە، لێـرەدا کەسـایەتیی کارەکتـەر یاخـود لایەنـی دەروونـی کارەکتـەر کەوتووەتـە ژێـر دەسـەڵاتی گێـڕەرەوەی هەمـوو شـنزان (ڕۆمانـووس)، واتـە "خـودی نووسـەر بـەڵام لـە ڕێـی زمانـی کەسـایەتییەکەوە ئـەم کارە ئەنجـام دەدات، هەربۆیـە خوێنـەر لـە کاتـی خوێندنـەوەی ڕۆمانەکـە هەسـت دەکات، کـە نووسـەر ئامادەیـە و ئـاگای لـە هەمـوو لایەنەکانـی دەروون و زەینـی کەسـایەتییەکەیە" (خـدر، ٢٠١٢، ل١٧٨). لێـرەدا مـن بـە پێویسـتم زانـی ئـەم کورتـە باسـەی "هونـەری مۆنۆلـۆگ" لـە ڕۆمانـدا بخەمـە ڕوو، چونکـە لـە ڕاسـتیدا ئـەم هونـەرە یەکێکـە لـە هونـەرە نوێیەکانـی گێڕانـەوەی چیـڕۆک و ڕۆمانـی نـوێ و وەکـو تەکنیکێکـی سـەرەکی لـە ڕۆمانـی سـەدەی بیسـتەم بایەخـی خـۆی بینیـوە، بـەڵام دەکـرێ بـاس لـەوەش بکەیـن، کـە شـاعیرانیش بێبـەش نەبوونـە لـە بەکارهێنانـی ئـەم هونـەرە. بەتایبەتـی شـاعیرانی ئێمـە کـە لـە دوای ڕاپەریـن بـە هـۆی ئـەو بـارە ناهەمـوارەی بـە سـەر گەلـی کـورددا هـات، بـووە هـۆی شـڵەژانی لایەنـی دەروونـی پەنگخواردنـەوەی ئـەو هەسـتە ناخۆشـەی کـە بـە هـۆی ئـەو چیرۆکـە مـەرگ ئاسـا و تراژدیانـەی تووشـی ئـەم گەلـە هـات، بێشـك ئەمانـە هەمـووی لـە دەقـە شیعرەکانیاند ڕەنگـی دایـەوە و چەندیـن لاپـەڕەی گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی ئەوسـایان پـڕ کـردەوە، کـە گوزارشـتیان لـە ڕۆژگاری ئەوسـا دەکـرد. هـەر لـەم بارەیـەوە دەتوانیـن ئامـاژە بـەوە بکەیـن "کـە بەکارهێنانـی مۆنۆلـۆگ لـە چوارچێـوەی شـیعردا کارێکـی زەحمـەت بێـت، بەتایبەتیـش کـە لەسـەر شـاعیر پێویسـت دەبێـت ئـەو دوانـدن و شـڵەژانە دەروونییـەی لـە قوڵایـی ناخـی کەسـایەتییەکاندایە لـە بۆتەیەکـی هونـەر ی بەکێـش و سـەروادا ڕێـك بخـات و دەریـان ببڕێـت. لـەم ڕووەشـەوە شـارەزایی و لێهاتوویـی شـاعیر ڕۆڵـێ لـە بەکارهێنانـی ئـەو تەکنیکـەدا دەردەکەوێـت. لەل ایەکـی دیکەشـەوە، مـەرج نییـە هەمـوو دەقێـك پێویسـتی بـە بەکارهێنانـی مۆنۆلـۆگ هەبێـت" (عەبدوڵـڵا، ٢٠١١، ل٣٩٠)، بـەڵام هەندێـك جاریـش بـاری دەروونـی نووسـەر شـڵەژاو تێکچـڕژاوە و ئاڵـۆزە، ئەمـەش بەهـۆی هەنـدێ ڕووداوی خەمـاوی و تەمـاوی کـە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆیان لەسـەر دەروونـی هەیـە، بێگومـان لێـرەدا لـە دەربڕینـی هەسـتی نـاوەوە و دروسـتکردنی هـەر تێکسـتێکی شـیعری ئیـدی ئـەو کاتـە مەجبـوورە لـە بەکارهێنانـی ئـەم هونـەرە و خـۆی لەسـەر شـاعیر فـەرز دەکات.

تۆ ئەتەوێ
لە نێو خەراباتی دەروونتا
خۆت نوقم کەیت
من ئەمەوێ
گۆرانی خەمگینی لەبیر کەیت و
بۆ چارەنووس
پرسێك بە عەقڵ بکەیت

(محەمەد، تەغریبی ٤ ،٢٠٠٤، ل٣٢)

شـاعیر جـۆری مۆنۆلۆگـی ناڕاسـتەوخۆی بـەکار هێنـاوە، خـۆی خزاندۆتـەوە دڵ و دەروونـی دڵدارەکـەی، خـۆی وا نیشـان داوە ئاگاداریـی لایەنـی ناوەوەیەتـی لـە ڕێگـەی وەسـفکردنی بیـر و هـزری یارەکـەی ئاگاداریـی کارو کردەوەکانیەتـی لـە داهاتـوودا، کـە ئـەو کەسـێکی نائومێـد و ڕەشـبینە و بەرامبـەر بـەو ئەشـقەی کـە لـە نێوانیانـدا هەیـە. لێـرەدا "نووسـەر لـە نێـوان زەینـی کارکتـەر و خوێنـەر دەسـتێوەردان دەکات" (همفـری، ل٦٦) لـەڕووی زمانیشـەوە هەوڵـی داوە لـە ڕێگـەی جێنـاوی کەسـی دووەمـی تـاك (سـەربەخۆ) یارەکـەی بهێنێتـە قسـەکردن و بـاس لەشـتە شـاراوەکانی ناخـی دەکات.

من ئەمەوێ
تەمی عوزرێکی بێتام
لەسەر ڕووخسارت هەڵگرم
خۆشترین سەفەری
ڕۆحت پێ بکەم
چ ڕۆح... ڕۆحێکی نوورانی

(س. پ، ل٣٢)

لـەم جۆرەیـان شـاعیر مۆنۆلۆگێکـی ڕاسـتەوخۆی بـەکار هێنـاوە، وەسـفی نـاخ و دەروونـی خۆیـمان بـۆ دەکات بەبـێ هیـچ دەسـتێوەردانێکی دەروونـی لێـرەدا "کەسـایەتییەکە سـەربەخۆ دەبێـت لـە دەربڕینـی ئـەو هەڵوێسـت و کـردارە سـایکۆلۆژییانەی، کـە لـە دەروونیـدا هەیـە" (خـدر، ل١٧٩) شاعیر هـەوڵ دەدات دڵسـافی و بێگەردیـی خـۆی بەرامبـەر بـە یارەکـەی نیشـان بـدات، هەروەهـا لـەم غرووریـەی کـە هەسـت و نەفسـی داگرتـووە دەریبهێنێـت، هـەوڵ دەدات لـە ڕێگـەی

خۆشـی و شـادییەکان ڕۆح و دەروونـی ئـارام بکاتـەوە بیکاتـە کەسـێکی نوورانـی واتـە کەسـێکی پاکیـزە و پـاك و بێگـەرد.

حەزم لێیە

داستانی خۆشەویستی خۆم

بۆ گڵێنەی

چاوەکانت بگێڕمەوە

تۆڵەی ساڵەکانی لەیەك جیابوونەوە

لە ئۆقیانووسی ڕابواردن

بستێنمەوە...

(مەسیفی، ل٢٥)

ڕاسـتەوخۆ شـاعیر خـۆی قسـەمان بـۆ دەکات، ئـەوەی لـە زەینیدایـە ئاراسـتەی یارەکـەی دەکات بـێ گوێدانـە دەوروبـەر، لـە مۆنۆلۆگـی ڕاسـتەوخۆ نووسـەر لـە ڕێگـەی گۆشـەی نیـگای خۆیـەوە دەدوێـت، لێـرەدا خوێنـەر (وەرگـر) پـەی بەناخـی ئەنـوەر مەسـیفی (کارەکتـەر) دەبـات، هەروەهـا لـەوە دڵنیایـە ئـەوە هەسـتی دەروون و ناخـی شـاعیرە بـۆ خۆشەویسـتەکەی پێشکەشـی ئێمەشـی دەکات بەڕادەیـەك کـە هەسـت دەکرێـت، وتـەکان لـە هـۆش و زینـی شـاعیرەوە هەڵدەقوڵێـت.

ئێستا پێویستم بە دوێنێ نییە

ئێستا پێویستم بە ئایندە نییە

ئێستا پێویستم بە ئێستایە

ئێستا پێویستم بە تۆیە

تۆ

بۆچی هێندە لێم دووری؟

(خەلیل، ل٧٤)

لەڕێـی مۆنۆلۆگـی ڕاسـتەوخۆیەوە، شـاعیر لـەم شـیعرە هەوڵـی داوە کار بـۆ ئێسـتا بـکات و ئامانجـی خـۆی لـەم سـاتەدا بپێکـێ، هەرچەنـدە ئەمـە کارێکـی مەحاڵـە بـۆ عاشـقان خۆشـی ئەمـە دەزانـی، بـەڵام دەیەوێـت لـە ڕێـگای چەنـد ڕسـتەیەکی شـیعری دەروونـی خـۆی ئـارام بکاتـەوە، ئـەو هەسـت و سـۆزەی کـە بـۆ یارەکـەی هەیەتـی و لـە دەروونـی، یاخـود لـە ناخـی پەنگـی خواردووەتـەوە فـڕێ بداتـە بـەر چـاوی خوێنەرانـی، خـۆی لـەم بارودۆخـە ئاڵـۆز و شـڵەژاوییە ڕزگار بـکات.

**دەیەم: ئەفسانە**

سـوودوەرگرتن لـە ئەفسـانە بـۆ تاقیکردنەوەیەکـی نوێـی شـیعری، بـۆ سـەردەمی قوتابخانـە ئەدەبییەکانـی وەکـو پەرناسـیزم، دادایـزم، سـوریالیزم... دەگەڕێتـەوە کـە پەیونـدی ڕاسـتەوخۆیان لەگـەڵ ئەدەبـی مۆدێرنیزمـدا هەبـوو، یەکێـك لـەو شـاعیرە هاوچەرخانـەی کـە سـوودی لـە ئەفسـانە وەرگـرت (ت: س ئیلیـۆت: ١٨٨٨ـ ١٩٦٤) بـوو. بەتـەواوی ئـاوڕی لـە نرخـی ئەفسـانە لـە شـیعردا دایـەوە، بۆیـە گەلێـك ئەفسـانەی کۆنـی جیهانـی لـە هۆنراوەکانیـدا بـەکار هێنـا و تاقیکردنەوەیەکـی سـەرکەوتووی ئەنجـام دا و قووڵییەکـی سـایکۆلۆژی بـە شـیعرەکانی خـۆی بەخشـی، هەروەهـا لـە شـیعری نوێـی ئەدەبـی عەرەبیـش بـدر شـاکر السـیاب و عبدالوهـاب البیاتـی دوو شـاعیری سـەرکەوتوو بـوون وەرگرتنـی لـە ئەفسـانە، خلیـل حـاوی و ئەدۆنیـس ئەمانیـش کەوتوونەتـە بـەر کاریگەریـی شـاعیرانی ڕۆژئـاوا (شـارەزا، ١٩٧٣، ل١٥) باسـکردن و هەڵوەسـتە لـە سـەرکردنی ئەفسـانە لای شـاعیرانی هاوچەرخـی سـەدەی بیسـتەم، ئـەوە دەسـەلمێنێت کـەوا جیهانـی ئەفسـانە هەسـتێکی تـازەی لـە لای ئـەوان دروسـت کـردووە بەرانبـەر بـە ڕابـردوو بـە هەمـوو ڕووداوەکانییـەوە، ئـەم گەڕانەوەیشـی لـە ئەنجامـی سـەرهەڵدانی تەنگوچەڵەمـەی ئادەمیـزادی نـوێ لـە سـایەی شارسـتانێتی و پێشـکەوتنی زانسـت و تەکنیکـی نوێـدا ڕووی داوە، هـەر بۆیـە "ئەفسـانە بووەتـە خاسـیەتێکی بەرچـاوی شـیعری هاوچـەرخ، شـاعیر بـەو هۆیـەوە دەتوانـێ سـۆز و ئاواتەکانـی هەنـدێ جاریـش مەترسـییەکاتی بـە ڕەمـزی ئەفسـانەی دەربڕێـت" (س. پ، ل١٦).

نووسـەران و شـاعیرانی کـورد بەتایبـەت نـەوەی دوای ڕاپەریـن هەوڵیـان داوە بـۆ دارشـتنەوەی مێـژووی کولتـوور و کەلەپـورو ئەفسـانەی کۆنـی بـاب و باپیـران، چونکـە شـاعیرانی ئەوسـا پێیـان وابـوو "ئەفسـانە توانـای ڕاڤەکردنـی هەمـوو دیـاردە و بیروباوەڕێکـی هەیـە، کـەوا عەقڵـی مـرۆڤ توانـای ڕاڤەکـردن و پەیپێبردنـی نییـە، بەتایبەتـی بابەتەکانـی لەمـەڕ دروسـتبوونی دونیـا و مـرۆڤ و مـەرگ و چۆنیەتـی بەدەسـتهێنانی ئـەو خـاك و ناوچەیـەی گەلێـك تێیـدا دەژیـن و شـتی دیکـەش لـەو بارەیـەوە، بەمـەش ئەفسـانە ڕۆڵێکـی

بایەخداری لە زیندووڕاگرتنی ڕابردوو هەیە" (عزیز، ٢٠١٩، ل٩٨) ئەمەش لە پێناو بە دەستهێنانی ناوەڕۆکێکی بە هێز و پتەو لە شیعرەکان و بە شێوەیەك وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی بە شیعرەکانیان بە خشیوە و بەرهەمێکی ناوازە و سەرنجڕاکێشی خوڵقاندووە.

داوای پەناگەیەکی لێ دەکەم، پێشی ڕادەگەیەنم

ئێسکی هوما پاییی پاشایە کوێرەکانە...

(ڕەنجدەر، ل٨٨)

شاعیر هەوڵی داوە بۆ ئەوەی هەستێکی نەتەوەیی و کۆڵنەدان دروست بکات، گەڕاوەتەوە بۆ بەکارهێنانی باڵندەی ئەفسانەی "هوما"، کە لەناو ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی ئێران و لە ناو کوردەکانیش بە باڵندەیەکی هێنانی خۆشەبەختی لەدوای خۆیدا ناسراوە. هەر لەم بارەیەوە ئەلبێرت کامۆ پێی وایە: "ئەفسانە دەلالەتێکی ڕەمزی حەشاردراوی تێدایە، هەرکاتێك شاعیر ئەم دەلالەتەی دۆزیەوە، چالاك دەبێتەوە" (الحدیبی، ١٩٧٠، ل٩) لایەنی داهێنانی دەقی شیعری تیایدا بەرەو هونەری بەرز و فەلسەفەی قووڵی ژیان هەنگاو دەهاوێژن.

بەبەغا لەسەر بەردی سەر شانی سیزیف

نیشتووەتەوە

نیاز دەخوێنێ و خاڵ دەگرێتەوە

(ڕەنجدەر، ل٢١١)

شاعیر بۆ بەرزکردنەوەی ورە و مۆڕاڵی خۆی پەنای بردۆتە بەر کەسێکی ئەفسانەیی بە ناوی "سیزیف" هەردەم لە پێناو گەلەکەی تێ کۆشاوە و کۆڵی نەداوە، هەروەها ئامادە بووە هەموو بارە قورسەکانی کۆمەڵگەی لەسەر پشتی خۆی هەڵبگرێت؛ ڕەنجدەر بە هێنانی کەسی وەهمی بۆ نێو دونیای شیعرەکانی، مەبەستیەتی ئیستاتیکای جوانی بە شیعرەکانی ببەخشێ و لە لایەکی تر هەوڵی داوە ڕووحێکی زیندوو و نەمر و سەردەمییانە، کە لەگەڵ جوانی فەلسەفەی شیعری پۆستمۆدێرنیزم بگونجێت، بەر بەرگی شیعرەکانی بکات، ئەمەش وای کردووە شیعرەکانی ڕەنجدەر هەمیشە بەڕووی لێکۆڵەران وەکو دەقێکی کراوە سەیر بکرێت و هەڵگری چەندین خوێندنەوە و مانای جیاواز بێت.

گیای نەمریم بەرەواژی بینی

زێوان حەز دەکات گەردەلوولێك هەڵبکاو بیبات

(ڕەنجدەر، ل٨٠)

بەکارهێنانی وشەی "گیانی نەمری" کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گلکامێش کە لە ئەفسانەی ئەو گیایە تاکە ئومێدی ژیانی ئەو بووە بۆ ئەوە هەتا دوایی هەر بە نەمری بمێنێتەوە، بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نابێت. لێرەدا شاعیر بە وتەی خۆی شانازی بە شیعرەکانی خۆی دەکات و پێی وایە بەرگێکی وای بۆ داپۆشیوون بۆ ئەبەد بە نەمری بمێننەوە، یاخود خۆی لە هەوڵی بەردەوام بۆ ئەوەی شیعرەکانی هەردەم ڕووی ژیانی نوێیان هەبێت.

**یانزەم: نووسینی ئۆتۆماتیکی**

لە فەرهەنگی زاراوەناسی (واژەنامە هز داستان نووسی)، کە بەرهەمی هەردوو نووسەر (جمال میرصادقی، میعنت میر صادقی)یە ، لەبارەی نووسینی ئۆتۆماتیکی دەڵێن: نووسەر لەم جۆرە نووسینە هەوڵی ئەوە دەدات دەستبەرداری بینین هۆشیارانەی خۆی بێت، یان کۆت و بەندی زیهنی و عەقڵی دەبێت بەرانبەر بەو بابەتە هەنووکەیی و کتوپڕانەی کە لە نائاگایی و نەستەوە سەرچاوە دەگرن، ژمارەیەك لە نووسەر و شاعیران ئەم جۆرە تەکنیکەیان لە نووسینەکانیاندا بە کارهێناوە. وەکو هەر دوو شاعیری فەرەنسی ئەندریە برتیۆن و فیلیپ سۆپۆ (میرصادقی، جمال ــ میرصادقی، میعنت، ١٢٧٧، ل٩١) دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین شێوازێکی نووسینە ئامانجی ڕزگاربوونە لە سنووردارییەکانی لۆژیك، سوریالیستەکان ئەم ڕێگەیان بەکار دەهێنا و جەختیان لەوە دەکردەوە، کە نووسینی هەموو شتێ بۆ زیهن دەگەڕێتەوە (بدون اسم المؤلف، ٢٠١٣، ل١٦٠) واتە ڕاستەوخۆ ئەوەی بە خەیاڵ و زیهن دادێت شاعیر بە وشە و ڕستە دەریدەبڕێت بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، یاخود کاتی بۆ تەرخان بکات، مەبەستی خۆڕزگارکردنە لە ئەقڵ، بۆیە لە نووسینەکانی خێرای و پەلەی تیادا دیارە و دوورە لە کۆنترۆڵ و ئاگایی زیاتر باسەکەی ڕۆژگاری ئێستایە کە تیایدا دەژی و گوزەر دەکات

ئەم جۆرە نووسینە هەندێك جار بە کۆمەڵ

دەنووسرێـت بـێ گوێدانـە هیـچ یاسـا و ڕێسـایەك، یاخـود دووشـاعیر پێکـەوە بـە شـیعر بـاس لـە شـتێك دەکـەن، هەروەهـا دەشـبێ شـاعیرێك بـە تەنیـا شـیعر بنووسـێ بـەم ڕێگایـەدا بـڕوات و ئەمـەی هاتـە سـەر زاری بیکاتـە شـیعر. جگـە لـە مانـەش شـیعری ئۆتۆماتیکـی هەندێـك تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە لەمانـە: شـاعیر هیـچ کاتـی بـۆ ئـەم جـۆرە شیعرە دیـاری نـاکات، یاخـود شـاعیر هیـچ خۆئامادەبوونێکـی نەکـردووە و خـۆی چـڕ نەکردووەتـەوە بـۆ نووسـین، هەروەهـا پشـت بـە هیـچ جۆرێـك یاسـا و کـۆت و بەندێـك نابەسـتێت، بەڵکـو نووسـینێکی هەڕەمەکییـە و دوورە لـە هـەر چاودێریکردنێکـی عەقـڵ...

شـاعیرانی کـورد بـە هـۆی ئـەو ئەزموونـەی خۆیـان کـە لەبـارەی شـیعرەوە هەیانبـوو توانیـان سـوود لـەم تەکنیکـەی شیعر وەربگـرن و خۆیـان لـە قـەرەی ئـەم جـۆرە نووسـینەش بـدەن. سـەرەتای نووسـینی ئۆتۆماتیکـی لـە شـیعری کـوردی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەردوو شـاعیری تاراوگەنشـین لەوانـە فەرهـاد پیربـاڵ و ئەحمـەدی مـەلا، لـە سـاڵی ١٩٩٠/٦/٦ لـە شـاری پاریـس بەرهەمێـك دەنووسـن بـە نـاوی "زرنگانـەوەی داهاتـوو". ئەحمـەدی مـەلا، بـاس لـەوە دەکات کاتێـك خـۆی و فەرهـاد پیربـاڵ گەڕاونەتـەوە بـۆ ژوورەکـەی فەرهـاد پیربـاڵ لـە شـاری پاریـس ئـەم دەقەیـان نووسـیوە لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: هێشـتا بـە باشـی نەحەسـابووینەوە سـی کاغـەزی سـپی هیـچ لـێ نـە نووسراومـان هێنـا پـازدە بـۆ فەرهـاد پیربـاڵ و پازدەکـەی تریـش بـۆ مـن، ناونیشـانێکمان دەستنیشـان کـرد و هـەر یەکەمـان قەڵەمەکـەی گرتـە دەسـت بـۆ ئـەوەی کاغـەزە سـپییەکان بـە شـیعر پـڕ بکەینـەوە. پەنجـەرە و دەرگا داخرابـوون، لـە ژوورێکـی بچووکـی تاریکـی شـاری گـەورەی پاریسـدا، دوو کـوردی ئـاوارە دوور لـە زێـد و نیشـتمان یـەك ناونیشـانیان هەڵدەبـژارد و دووشـیعریان دەنووسـی، ئەمیـان شـیعرێك ئەویـان شـیعرێك هـەردوو شـاعیر لەیـەك کاتـدا بـە یەکـەوە دەسـتیان بـە نووسـین لـە بـارەی ناونیشـانەکە دەکـرد، بـە شـێوەی ئۆتۆماتیکـی هـەر یەکەیـان بـە دیـد و هەژانـی تایبەتـی خۆیـەوە شیعرەکەی لێ دادەچـۆڕا (مـەلا، پیربـاڵ، ٢٠٠٤، ل٥١) ئەزموونێکـی تـری ئـەم جـۆرە نووسـینە دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢٧ لـە شـاری

هەولێـر لەلایـەن شـاعیرانی هاشـم سـەڕاج، ع. ع. یوسـف، ئەحمـەدی مـەلا، فەرهـاد پیربـاڵ، چەنـد وشـەیەکی وەکـو شـەکر، چـا، سـاوەر، دۆلار، دینـار، سـەفەر، خانـوو، ئوتومبێـل، قـەرز، تـۆپ، تەیـارە، برنـۆی ژمـارەی ١٧، ژن، سـوێد، ئیـماڕات، هۆڵەنـدا، پەسـاپۆرتی، قاچـاغ، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، شـەڕی براکـوژی، شـووتی، پەتاتـە، دواکەتنـی مووچـەی مامۆسـتایان.... لێـرەوە دەتوانیـن ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە نووسـەر و شـاعیرانی ئێمـەش توانیویانـە بـە سـوود وەرگرتـن لـە نووسـینی ئۆتۆماتیکـی بـڕەو بـە بەرهەمـە شـیعرەکانی خۆیـان بـدەن و داهێنانـی نوێـی تیـادا بکـەن، زۆرێـك لـە شـاعیرانی ئێمـە هەوڵیـان داوە لـە دونیـای نووسـینی شـیعرو هونەرەکانـی تـری ئـەدەب ئاشـنایەتی پەیـدا بکـەن لەگـەڵ ئـەو تەکنیـك و فۆرمـە باوانـەی سـەردەم، کـە لـە دنیـای ئەدەبـی پۆسـتمۆدێرنیزم ڕۆڵێکـی بـە نرخیـان هەیـە لـە لایـەن نووسـەر و ئەدیبانـەوە کاری لەگەڵـدا دەکرێـت بەجۆرێـك کـە لەگـەڵ دیـد و بۆچوونـی خوێنـەر و لێکوڵەرانـی ڕۆژگاری دنیـا پێشـکەوتن و تەکنەلۆجیـادا دەگونجێـت.

جانتا (ئەحمەدی مەلا)

ئای جانتاکانی من گرانن، هەردوو بازووم شل
دەبن تا دەگەمە ماڵێ هاوڕێیەك، ئوتێلێك، یا ماڵی
خۆم.

جانتا (فەرهاد پیرباڵ)

جانتا پشیلەیەکی ئیزعاجە بەسەر شانمەوە
هەندێ جار لەشەقامەکانی سانت میشێل و
سانت ژێرمەن دا
لەم باوەشمەوە دەیخەمە ناو ئەو باوەشم

(مەلا، پیرباڵ، ٢٠٠٤، ل٥٣)

شـیعرێکی سـادە و سـاکارە لـەڕووی مانـا و تێگەیشـتنەوە، دیـارە ڕەهەندێکـی دەروونیـی ناجێگرییـان پێـوە دیـارە، ئەمـەش لـە ئەنجامـی بێزاربوونیـان لـە جانتـا، بۆتـە دروسـتبوونی بارگرانـی لـە سـەر شـان و ملیـان. لەلایەکـی تـر هـەردوو شـاعیر پەناهنـدە بوونـە و دووریـان لـە کەسـوکار و نیشـتمان، سترێسـێکی دەروونیـی ناجێگـری بـۆ دروسـت کـردوون، لێـرەدا توانیویانـە شـتێکی نێومـان پێشـکەش بکـەن لـە بارێکـی نائـاگا بـە کەرەسـتەیەکی هاوبـەش، بێگومـان

هەردوو شاعیر ئەزموونێکی باشیان لە شارەزابوون لە ئەدەبیاتی جیهانی هەیە، بەتایبەت ئەدەبیاتی ئەوروپی، هەروەها شارەزاییان هەبووە لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا، ئەم شیعرەش یەکێکە لەم جۆرە نووسینانەی یاخود هونەرانەی کە سوریالیزمەکان شیعری پێ دەنووسن و پشت بە لاشعور (نائاگایی) دەبەستن.

ئەزموونێکی تری شیعری بە کۆمەڵ لەلایەن شاعیران:

فەرهاد پیرباڵ:

شیعر... شیعر... شیعر

خۆی... شیعر... کەم دەکاتەوە

بیپلێشنەوە عەباس عەبدوڵلا یوسف

وەك چۆن چەندین ساڵە دەیپلیشێنتەوە،

گوڵی شیعر بپلیشێنەرەوە

مادام شەرەفت لە ژێر پێی ئێوەدا دەپلیشێتەوە

کەواتە: گوڵی شیعر لە ژێر پێی ئێوەدا دەم دەکاتەوە

ئەمەش چونکە زریزەی زەردی زیوان زەماوەندی

زۆنگاوەکان دێنە نێو هۆڵی شیعری ئێوە

بیپلیشێتەوە عەباس!

عەباس عەبدوڵلا یوسف:

شیعر... شیعر... شیعر... شیعر... شیعر

شیعریش

شیعریش... ٥١٢

لە دارستانێکدا موتێکم بینی

هەموو دار سنۆبەرەکانی ڕەنگ کارتی شیعر

فەرهاد پیرباڵ ئەوە کارتی شیعرە

کارتی شیعریش قەل فڕی

ئەنوەر مەسیفی:

ئەو مرۆڤە چیمەنتۆیانە لەسەر ئەو گیایە چ دەکەن؟!

ئەو کۆشکە کاغەزانە بۆ ناوی ئاو تەڕ دەبن

ئێمە بە شێکین لە ئێمە

ئێمە بە شێکین لە بای ناو دەرەوەی داهاتوو

ئێمە هیچمان چاومان سەد لەسەد تەواو نییە

هەمووومان لەبەر کەپوومان، گوێمان گران بووە

هاشم سەراج:

تەرمگ زۆر جوانن تەرمووتە

ڕموڵەکان زۆر جوانن

بەبۆنەی خاسە ڕەنگ ئاڵەوە جوانتر دەبن

زۆر زۆر جوانن ئەو تەرمکانەی ئێمە هەڵیاندەدەین

تەرمك تەرمك تەرمك جوانن

ئیسماعیل بەرزنجی:

هاوینی ڕابردوو ١٦٢ مرۆڤ لەسەربانی شوقەکە

دەخەوتین، مەنگوله کشمان لەگەڵ بوو

مەنگۆلەکە

دۆستێکی گیانی بەگیانی نیمە

بە سەر سینگ و پشتی ژن و کچەکانمان بازی دەدا و

دەیگۆ بەع بەع بەع بەع

مەنگۆلەکە لێ نەگەڕا کەس بخەوێ

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

کە ویستم سەرخەوێك بشکێنم

سەعات سێ و چلوپێنج دەقیقەی سەر لە بەیانی بوو

١٤٥ مەلا پێکرا گوتیان

الصلاة خير من النوم

فەرهاد پیرباڵ:

الصلاة خير من النوم

بەهەمان شێوە بانگێك لە بیابانی

شیعرەوە بانگمان دەکات، هەمیشە

بانگی کردین

ساڵانێکی زۆرە،

ئەوەی کە لە ناخمدایە، ئەوەی لە ناختدایە

ئەوەی لە ناخماندایە

کەوتۆتە ژێر قاچی پێکەنینە بێ مەعنا و

گریانە درۆزنەکان و

پروپاگەندە پڕوپووچەکانی کە بە ناوی شیعرەوە دەکرێن

عەباس عەبدوڵلا یوسف:

ئەو شیعرانەم دەنووسی، زمانی کۆمپیوتەر هات و گوتی "پیف"

منیش گوتم تەحدات دەکەم، پەنجە لە چاوهت ڕا دەکەم

ئەگەر بتوانی تۆش وەك من بگریت، ئەی

کۆمپیوتەری لەعین، ئەزانم دەتەوێ

شوێنی شیعرەکانم بگرییەوە.

ئەنوەر مەسیفی:

ململانێم لەگەڵ یەك كچ هەیە لە مێژوودا،

لەگەڵ یەك ململانێم تەنها لەگەڵ یەك سەربازێك

حەسەنباز سەعات دووی بەیانیان دەڵێ:

حەو حەو حەو

ئەمنیش لەپڕ بەئاگا دێم لەخۆمەوە

دەڵێم چەغە، چەغە، چەغە، چەغە

هاشم سەراج:

وەکو ڕۆح من بێ گوناحم

ئەوانەی تریش کە سەیری من دەکەن گوناحن

ئەوان هەست بە گوناهییەکانی خۆ ناکەن

من گوناهم بەرانبەریەك

هەموو گورانییەکم بۆ یەکە

هەموو پیتەکانی دنیاش

بەدوای یەك دەخولێتەوە

ئیسماعیل بەرزنجی:

یەك، یەك، ئیدارەی کوردی یەك

یەك ئیدارەی کوردی،

کار ئاوها بڕوات، کاك هاشم گیان

مەوادی غیذائی هەولێر هەموو

ئەو قوڕ بەسەرە دەیکات

شاعیربی بیتاقەی مەوادی غیذائی بکات

فەرهاد پیرباڵ:

بەهەرحاڵ لە ئاکامدا شیعر نوێ نییە

بەڵکو شاعیری نوێ هەیە.

(گۆڤاری شین، ٢٠٠٤، ل٤٩ــ ٥٤)

ئەزموونی دووەمی شیعری ئۆتۆماتیکی کوردییە، ئەوان توانیان داهێنانێکی نوێی شیعری پێشکەش بە نەوەی نوێ و خوێنەر بکەن، خۆیان جودا بکەنەوە لە بابەت و فۆرم و شیعری پێشتر، هەروەها بە دیالۆگێکی نائاگایی دوور لە هەر بەرنامە داڕێژییەك. دوور لە هەموو ڕێساکانی شیعر، یاسای شیعری کوردییان تێك شکاندووە، دەتوانین بڵێین ئەمەش یەکێکە لە داهێنان و بنەماکانی شیعری پۆستمۆدێرنیتەی کوردی، کە باوەڕی بەنوێگەری و تازەبوونەوەی شیعری کوردی هەبوو لە ژێر ئەزموونی قوتابخانە نوێیەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا، ئەمەش نەك بە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە، بەڵکو داهێنانێکی تازە بەدەستکاریکردنی ناوەڕۆك وفۆرمی شیعری کوردی.

**ئەنجام**

١ـ یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی دروستبوونی شیعری پۆستمۆدێرنیتەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادبوونی کوردستان لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، کە ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ شاعیران، تاوەکو بە ئازادی مەبەستەکانی خۆیان لە تێکستە شیعرەکانیان بخەنە ڕوو.

٢ــ یەکێکی تر لە خاڵە جەوهەرییەکان گەڕانەوەی کۆمەڵێك ئەدیب و شاعیر، کە لە تاراوگە دەژیان بەتایبەتی ئەوانەی لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بوون وەکو فەرهاد پیرباڵ، ئەحمەدی مەلا، مەهاباد قەرەداغی، نەزەند بەگیخان، د. کەمال مەعروف، ئەمانە بەهۆی ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی لەبارەی ئەدەبی ناوخۆ و دەرەوە هەیانبوو، توانیان سوود لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا وەکو پەرناسیزم، دادایزم، سوریالیزم وەرگرن، هەروەها کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەم قوتابخانانە، توانیان کاریگەرییەکانی بەسوود و قازانجی ئەدەب و شیعری کوردی بشکێننەوە، ئەدەبی کوردیمان پێ دەوڵەمەند بکەن.

٣ــ شاعیرانی ناوەخۆ وەکو عەباس عەبدوڵلا یوسف، ئەنوەر مەسیفی، کەریم دەشتی، زانا خلیل، کەژاڵ ئەحمەد، عارف حیتۆ، موحسین قۆچان٠٠٠ ئارەزووی گۆڕانکارییان دەکرد لە بەرهەمەکانیان، چەندین بەرهەمی تێکستی شیعریان پێشکەش کرد بە شێواز و ستایلی نوێ، تا ڕادەیەك جیاواز بوو لەوەی پێش ڕاپەرین، چونکە شیعری پۆستمۆدێرنیتەی دوای ڕاپەرین کە لەلای شاعیران دەنووسران، یان لە بەرهەمەکانیان ڕەنگی دەدایەوە، تۆپۆگرافیایەکی جیاوازی هەبوو لەڕووی دێرەوە کورت و درێژ بوو، پشتی بەهیچ جۆرە ستایلێك نەبەست

٤ــ شاعیران هەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ ئەو سیمایانەی کە شیعری پۆستمۆدێرنتە پشتی پێیان دەبەست بگونجێنن،

هەر بۆیە خۆیان لەو بوارەدا تاقی کردەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانیان ڕەنگی داوە و تیایدا سەرکەوتوو بوون وەکو نووسینی شیعری مینیمالیزم، یاخیبوون، پارادۆکسی، ئایرۆنی، نووسینی ئۆتۆماتیکی....

٥- ئەو سیماییانەی لە پۆستمۆدێرنیزمی شیعری کوردی پشتمان پێ بەستوون، هەمان ئەو بنەما و سیمایانەیە لە پۆست مۆدێرنیزمی شیعری ئەوروپییشدا هەیە، بۆیە ئێمە توانیومانە سوود لەو سیمایانەی وەربگرین کە پێشتر لە شیعری کوردیدا هەبوون، بیکەینە هەوێنێك بۆ دەرخستنی پۆسمۆدێرنیزمی شیعری کوردی لە دوای ڕاپەرین. چونکە هیچ قۆناغێکی ئەدەبی نییە سوودی لە پێشووی خۆی وەرنەگرتبێ.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


١. بەرزنجی، د. عەلی تاهیر (٢٠٢٠)، ئاسۆی دەق، چاپخانەی ئیڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢. پیربال، فەرهاد (١٩٩٩)، سپییەکانی ناو ڕەش و ڕەشەکانی نێو سپی، ؟ ، هەولێر.
٣. حەسەن، ناڵە (٢٠٢٠)، گەیشتن بە ڕووبەری شیعر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٤. حیتۆ، د. عارف (٢٠٠١)، پەستێن بازنەیی (دیوان)، چاپخانەی کولیژا شەریحێ، چاپا ئیکێ، دهۆك.
٥. خدر، ڕێزان ڕەحمان (٢٠١٢)، تەکنیکی گێرانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.
٦. خەلیل، زانا (٢٠٠٧)، کتێبی شێوازەکانی، بڵاوکراوی ئارس، هەولێر.
٧. د. صلیوە، هاوژین (٢٠١٦)، کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر
٨. ڕەنجدەر، سەباح (٢٠١٠)، ساڵی سفر، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٩. ڕەنجدەر، سەباح (٢٠١٢)، سی ساڵی شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، بەرگی یەکەم، هەولێر.
١٠. ساڵح سووزەنی (١٩٩٥)، هەزار دیوانی گەلەکەت لە پرسەدا، چ ١، چاپخانە ؟ ، شوێن؟ ،
١١. سدیق، ئارام (٢٠١٧)، زمان وشیعریەت، کارکردن لەسەر ئەزموونی شیعری دە شاعیری دوای ڕاپەرین، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
١٢. سدیق، ئارام (٢٠٢١)، شیعر و ئەزموونکاری، چاپخانەی مهتاب، سلێمانی. ڕەنجدەر، سەباح (٢٠١٠)، ساڵی سفر، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٣. سەجادی، بەختیار_ مەحموودی، محەمەد (٢٠٠٤)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر
١٤. سوڵتان بەگی، فەوزییە (١٣٨٢)، ئێوارە عاشقەکانی تەمەن، چ ١، چاپخانەی ئەمین، ناشر پەیام ، امروز، تهران.
١٥. سوڵتانی، لەیلا سۆفی (٢٠١٤)، ناسینەوەی پەنجەکانی با، چاپخانەی ڕۆژهەڵاتی، چ١، هەولێر.
١٦. صلیوە، د. هاوژین (٢٠١٣)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی

لەتیف هەڵمەت (١)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەكەم، هەولێر.
١٧. عەبدوڵڵا، دڵشاد (٢٠١٠)، كۆشیعری دڵشاد عەبدوڵڵا ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٨. عەبدوڵڵا، سۆران مامەند (٢٠١٦)، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، چاپی یەكەم، هەولێر.
١٩. عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا ڕەحمان (٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوریدا (باشووری كوردستان ١٩٢٥ــ ١٩٦١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر
٢٠. غەمبار، شوان (٢٠٠٤)، بزاڤی تەغریبی ٤، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢١. قەرەداغ، مەهاباد (١٩٩٦)، شاخ كێڵگەی گەنمەشامییە، ؟ ، سوید.
٢٢. قۆچان، محسن (١٩٩٩)، لایێ گەرم ژ باژێری (دیوان)، چاپخانا كولێژا شەریحێ، چاپا ئێكێ، دهۆك
٢٣. كەژاڵ ئەحمەد (٢٠٠٦)، دیوانی كەژاڵ ئەحمەد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
٢٤. كۆمەڵێك نووسەر (٢٠١٤)، ئەدەبیات و تەنیایی، و: ساماڵ ئەحمەدی، چاپخانەی موكریان، چاپی یەكەم، هەولێر.
٢٥. گولێ، عەلی (١٣٨٤)، بزەی خاك، شوێن؟ ، چاپ؟ .
٢٦. محەمەد، سمكۆ (٢٠٢٠)، ژانرە ئەدەبییەكان، ؟ ، چاپی یەكەم، هەولێر.
٢٧. مەجید، دیار فایەق (٢٠٢١)، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی كوردیی باشووری كوردستان بەدیالێكتی باشووری كوردستان بەدیالێكتی كرمانجیی ناوەڕاست، ناوەندی خاڵ بۆ چاپ و بڵاوكردنەوەی، كەلار.
٢٨. مەسیفی، ئەنوەر، كتێبی شین، سەرجەم بەرهەمەكانی ئەنوەر مەسیفی، ژمارە١٦
٢٩. مەلا محەمەد، شاخەوان (٢٠١٤)، ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی كوردستاندا، گۆڤاری سیخورمە وەك نموونە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر
٣٠. مەنتك، حەمە (٢٠١١)، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی كوردیدا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر.
٣١. یوسف، عەباس عەبدوڵڵا (٢٠٠٧)، كلكی كتكی پرسیارە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبییەكان

١. بدون اسم المؤلف (٢٠١٣)، معجم النقد الأدبي، ت: كامل عويد العامري، دار المأمون للترجمة والنشر، ط١، بغداد، العراق.
٢. همفري، روبرت (٢٠١٥)، تيار الوعي في الرواية الحدثية، ترجمه د: محمود ربيعي، طبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

سەرچاوە فارسییەكان

١. میير صادقی، جمال ــ میر صادقی، میحنت (١٣٧٧)، واژه نامەهز داستان نووسی، چاپ أول، تهران. .
٢. سلێمان، ڤیان (٢٠٠٢)، ڕێككەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٣. خورشید، بهزاد فتاح (٢٠١٥)، هونەری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانەكانی (ڕێواس ئەحمەد) دا نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، هەولێر.
٤. سەعید، زاهیر ئیسماعیل (٢٠١٤)، ڕۆلی گروپی نوێخوازیی وێران لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، نامەی ماستەر، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.
٥. حسين، جبار احمد (٢٠١٠)، بینای ساتیرا لە كورتە چیرۆكی كوردیدا كوردستانی عێراق (١٩٧٠ــ ١٩٩٠)، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٦. عزیز، كیفی محمد (٢٠١٩)، لێكەوتەكانی تاراوگە لە ڕۆمانی كوریدا (بەنموونە ڕۆمانی كوردیی تاراوكە ٢٠٠٠ــ ٢٠١٥، دیالێكتی ناوەڕاست)، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتیی ئاداب، زانكۆی سۆران.

**نامە ئەكادیمییەكان**

**گۆڤارەكان**

**كوردی**

١. بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر (١٩٩٥)، ڕستەی شیعری، گۆڤاری وێران، ژمارە (٢)، هەولێر
٢. خانەقینی، هەڵۆ (٢٠٠٤)، گۆڤاری تەغریبی ژمارە (٠)، چاپخانەی میدیا، هەولێر.
٣. خەبات، ئاری عوسمان (٢٠١٥)، ساتیرە شیعر و شیعری داشۆرین، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٢١)، هەولێر
٤. دەشتی، كەریم (١٩٩٩)، هەولێر گرافیای شیعر، گەمەیەكی

بیبلیۆگرافیـا (١٩٤٥-١٩٩٩)، گۆڤـاری نووسـەری نـوێ، خوولـی دووەم، ژ٩، هەولێـر.

5. ڕەنجـدەر، سـەباح (٢٠١٣)، سـێ کتێـب لەبـارەی شـیعرەوە، چاپخانـەی بینایـی، سـلێمانی.
٦. ڕۆحانـی، ئەمیـر (٢٠٠٩)، گۆڤـاری وێـران، خوولـی سـێیەم، دەزگای مێـرك، ژمـارە (٤)، هەولێـر.
٧. زیـاب، ئەبـو عوبەیدڵـڵا (٢٠١٣)، ڕەنگڤەدانا پۆسـتمۆدێرنیزمێ د هۆزانا کوردیـدا، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێر.
٨. سـەرمەدی، لاوەنـد (٢٠٠٤)، ڕێچکـەی قـەڵا، بزاڤـی تەغریبـی ٤، منـارە، هەولێـر
٩. شـارەزا، کەریـم (١٩٧٣)، کەرسـتەی ئەفسـانە لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا، گۆڤـاری نووسـەری کـورد.
١٠. شیعری وێران (٢٠٠٩)، خوولی سێیەمی گۆڤاری وێران، ژمارە٣.
١١. عەبدوڵـڵا، دڵشـاد (٢٠٠٤)، گۆڤـاری شـین، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس.
١٢. عەبدوڵـڵا، شـوانە نـوری ــ گـەردی، سـەردار ئەحمـەد (٢٠٢١)، یاخیبـوون لـە شـیعرەکانی قوبـادی جەلـی زادەدا، گۆڤـاری زانکـۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، بەرگـی (٢٥)، ژمـارە (٦)، هەولێـر.
١٣. گۆڤـاری شـین (٢٠٠٤)، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، ژمـارە١، هەولێـر.
١٤. گۆڤـاری شـین (٢٠٠٤)، دەزگای چاپ و پەخشـی سـەردەم، ژمـارە (٢)، هەولێـر.
١٥. محمەمـەد، ڕێـدار سـابیر (٢٠٠٤)، بزاڤـی تەغریبـی٤، چاپخانـەی منـارە، هەولێـر.
١٦. مـەلا، ئەحمـەد ـــ پیربـاڵ، فەرهـاد (٢٠٠٤)، زرنگانـەوەی داهاتوو، گۆڤاری شـین، ژمـارە(١).
١٧. ناڵەیـی، بۆتـان (٢٠٠٣)، سـۆراخێك لـە دەنگـی نامـۆ، گۆڤـاری وێـران، ژمـارە (٢)، هەولێـر.
١٨. ئەحمـەد، کـەژاڵ (١٩٩٤)، نوونەکانـی نـەرێ، گۆڤـاری وێـران، ژمـارە (١)، ل٣٧.
١٩. یوسـف، عەبـاس عەبدوڵـڵا (٢٠٠٧)، ڕەنگامـە، گۆڤـاری نووسـەری نـوێ، ژمـارە (٣٦)، هەولێـر.

عەرەبی

١. ١- آبـاد، عالـی عبـاس یوسـف (١٣٨٧)، غـم غربـت درشـعر محـاصر،نثریـەعلمـیپژوهشـیگوهـرپویـا،سـالدوم،شـمارە٦
٢. ٢- الحدیثـی، طـلال سـالم (١٩٧٠)، الرمـز و الاسـطورة في الـشرح الحدیـث (الـتراث الشـعبي)، عـدد(٨).

## ملخص

هـذا البحـث بعنـوان [الأوجـه الشـعرية مـا بعـد حداثـة كـوردي] مـن الواضـح بعـد انتقاضـة سـنة١٩٩١ انتقـل حيـاة الشـعب الكـردي إلى مرحلـة جديـدة، و ذلـك بسـبب أخـذ الاسـتقلال للكردسـتان و تحريـر الشـعب الكـردي مـن نظـام البعـث البائـد، الـذي فـرض سياسـة الارهـاب علـى كل نواحـي حيـاة هـذا الشـعب المظلـوم.

لم يكـن الكتـاب والمثقفـين بعيـداً مـن مراقبـة غـير محببـة التـي مورسـت بحـق الشـعب الكـردي، لذلـك لم يجـرؤ أحدهـم أن يتحـدث عـن أدب الكـورد بإرادتـه ورغبتـه خوفـاً مـن الأسر و الاعـدام، بـل يحاولـون دومـاً أن يكتبـوا نصـاً لا يسـبب لهـم الأسر مـع أنـه لاينسـجم مـع اراداتهـم ورغباتهـم ولكـن بعـد الانتفاضـة، أتـت الحريـة وبعـد تحرير كردسـتان خطـا الشـعراء خطـوات جيـدة ومهمـة، لاعـادة الصياغـة أشـعارهم، مـن الناحيـة الاصـلاح والداخـل، دخـل شـعر الكـردي مرحلـة جديـدة، مختلفـاً تمامـاً عـما مـضى عنـه، ويعـود ذلـك إلى جهـد وتعـب مجموعـة مـن الشـعراء الداخليـين وبعـض شـعراء الذيـن عاشـوا في خـارج البلـد منهـم[ فرهـاد بيربـال ، أحمـد مـلا، مهابـاد قرداغـي، نەزەنـد بەگـی خـان، د. كـمال معـروف]، هـؤلاء بحكـم تجربتهـم عـن أدب المحـلي وأدبيـات الغـرب اسـتطاعوا أن يغـيروا الأدب الكـردي خاصـة الشـعر، و بسـبب الأثـر الـذي خلفتـه مـدارس الغـرب الحديثـة مثـل (بناصيـم، دادايسـيم، والسرياليـة) عـلى الأدب العالمـي اسـتطاعوا أن يسـتفيدوا منهـا، وطبقوهـا عـلى الشـعر الكـردي، لم يكـن التقليـد أعمـى، بـل اسـتطاعوا الابـداع بمـا عندهـم مـن معلومـات حـول حيـاة الاجتماعيـة للشـعب الكـردي في هـذا الزمـن و اسـتطاعوا أن يشـجعوا الشـعراء المحليـين بـأن يغـيروا شـكل كتابتهـم، و وجهـوا الأدب وخاصـة الشـعر إلى جهـة ، تنسـجم مـع إرادة و زمـن أدبيـات الشـعوب العـالم، دون الاهتـمام بـأي نقـد سـواء أكان اجتماعيـاً أو غـيره ، فيكبلـه بـآداب وعـادات الشـعب الكـردي .

الكلمات الرئيسة: بوستموديرنة، انتفاضة، الشعر الكردي، حرية التفكير والرأي، سيماء

# Abstract

This study is titled *Kurdish Postmodern Poetry Faces*. It is obvious that after the spring of uprising of 1991, the Kurdish people gained a new light of life due to the independence of Kurdistan and the liberation of the Kurdish people from the previous Sadam Power whose authority was frightening towards Kurdish people in all aspects of life, and the writers and intellectuals were not deprived of the uneven feelings that the Kurdish people experienced but they were afraid of being arrested and executed, they were always trying to write a text that would not be subjected to blackmail, although it did not fit their wishes.

But after the uprising, a free environment was created and the liberation of Kurdistan, the poets took a good step to recompose their entire poems in terms of forms and content. Kurdish poetry has started a new experience of writing different from the previous ones. This is due to the efforts of several local poets and several national poets living abroad, including Farhad Pirbal, Ahmadi Mallah, Mahabad Qaradaghi, Nazand Bagi khan, Dr. Kamal Marouf. Based on their experience with the local literature and Western literature, these poets were able to put a new cover on our Kurdish literature, especially the poetry. They could get benefits from the western schools like (Parnassianism, Dadaism and Surrealism) to implement these on the Kurdish poetry and not imitating them randomly, but they were able to make an innovative change in the social life of the Kurdish people with the tools they had. They also encouraged the local poets to change their writing style and turn to a kind of literature and poetry compatible with nowadays poetry without taking care of censorship of social criticism that committing to the customs and traditions of the Kurdish people.

Key words: postmodern, uprising, Kurdish poetry, freedom of thought and opinion, Poetic aspects.